

## نامدار قەرەداغی:

## ئێستاش کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی بە یەکەم قوتابخانەی خۆم دەزانم.. هەموو کارەکانیشمان خۆبەخشانە لە پێناوی خزمەتی هونەر و کورد کردووە.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٢ - ٥)**

* نامدار عومەر عەبدولڕەحمان، کە لە کوردستان بە نامدار قەرەداغی ناسراوە، هونەرمەندێکی دیاری بواری گۆرانی و مۆسیقای کوردییە، هەر لە منداڵییەوە هۆگری هونەری موزیک بووە، سەرەتا بە شمشاڵ و تەپڵی شەربە دەستی پێ کردووە. لە ساڵانی شەستەکاندا بە ڕێکەوت ئامێرێکی کەمان لە دووکانی فرۆشتنی پۆشاک، لەلای هونەرمەندی ناسراو (عومەر عەلی ئەمین) دەبینێ و بە نۆ دینار و نیو لێی دەکڕێ، لێرەوە گۆڕانێکی گرنگ لە ژیانی هونەریی ئەودا دروست دەبێ، ئەم وەرچەرخانە زیاتر لەو کاتەوە ڕوودەدا کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ دەچێتە تیپەکەی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، کە هونەرمەند شەوکەت ڕەشید سەروکاری ئەو تیپی مۆسیقایەی کردووە، دوای ماوەیەک دەبێتە ئەندامی کۆمەڵ، بۆیە هەموو ڕۆژێک هاتوچۆیان دەکات و لەگەڵ ئەندامانی تیپەکە خەریکی ڕاهێنان دەبێ، زۆر نابات دەبێتە جێگری شەوکەت ڕەشید، دوای نزیکەی دوو ساڵ، واتە لە ساڵی ١٩٧١ دەبێتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵ و لە هەمان کاتدا دەبێتە سەرۆکی تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، لەو ڕۆژەوە زۆربەی هەرە زۆری کار و چالاکییەکانی تیپەکە، ئەم هونەرمەندە بۆ گۆرانیبێژەکانی ئامادە و دابەش کردووە، ئاوازیشی بۆ هەندێکیان داناوە.

* چەند ساڵێک لەو تیپەدا دەمێنێتەوە، تا دەگاتە ساڵی ١٩٧٧ کارێکی زۆر دەکات، بەڵام

لەم ساڵە بەدواوە، وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای مەولەوی، بە هەڵبژاردن دەبێتە سەرۆکی تیپەکە، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٧ـەوە تا ساڵی ١٩٨٢ هەرچی کار و چالاکییەکی هونەریی ئەو تیپە هەیە جێبەجێیان دەکات، ئاواز بۆ گۆرانیبێژەکان دادەنێ و گۆرانییان بۆ ئامادە و دابەش دەکات، بەوەشەوە ناوەستێ، کە لە قوتابخانەی بێخود دەبێتە مامۆستا، تیپێک بەناوی (تیپی منداڵانی بێخود) دادەمەزرێنێت و نزیکەی (٧٠) منداڵ لەو تیپەدا کۆ دەکاتەوە، هەر لە رێگەی ئەو تیپەوە خزمەتێکی بەرچاو بە منداڵانی کورد دەکات، بەهۆی ئەو تیپەشەوە دەیانهێنێتە نێو دنیای هونەرەوە، ئیدی لەم تیپەدا دەست بەکار دەبێ و خزمەتێکی زۆری هونەری کوردی دەکات.

* ئەم هونەرمەندە کە بەهۆی وەزیفەکەی باوکییەوە لە شاری هەڵەبجە، لە ساڵی ١٩٥١ لەدایک بووە، دوای ساڵێک بە ماڵەوە دەچنەوە سلێمانی، هەر لەو شارەدا دەخرێتە بەر خوێندن، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی: (فەیسەڵییە) و (بێخود) و (ئەمین زەکی) لە ساڵانی ١٩٥٧ تا ١٩٦٣ تەواو کردووە، هەر لە سلێمانی ساڵی ١٩٦٣ تا ساڵی ١٩٦٦، خوێندنی ناوەندی تەواو دەکات، دواتر لە ساڵی ١٩٦٦ تا ١٩٦٩، لە خانەی مامۆستایانی سلێمانی دەخوێنێ، هەر لەو ساڵەدا پێوەندی بە (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)یەوە دەکات. ساڵی ١٩٧٧ تیپی مۆسیقای مەولەوی دادەمەزرێنێ، لە پاڵ کارەکانی خۆی لەو تیپەدا، لە ٢٠/ ٥/ ١٩٧٧ تیپی منداڵانی بێخود دادەمەزرێنێ، تیپی مەولەوی کە لە شەقامی مەولەوی، لەناو بیناکەی تۆفیق قەزاز بووە، بە درێژەپێدەری تیپەکەی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی دادەنرێ کە لە ساڵی



**نامدار قەرەداغی – ئازاد عەبدولواحید**

١٩٦٩/١٢/٣١ دامەزراوە، بۆیە ئەندامەکانی تیپی مەولەوی، هەر ئەو ئەندامانەن کە پێشتر لە تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی بوون و ئەم تیپە نوێیەیان دامەزراندووە، کە پێشتر ئەندامەکانی بە هۆکاری کارگێڕی و هونەری، لە تیپەکەیان جیابوونەتەوە و تیپێکی سەربەخۆی نوێ، بە ناوی تیپی مۆسیقای مەولەوی دادەنێن.

* بیرۆکەی دروستکردنی ئەو تیپە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ـەوە لەلایان چەکەرەی کردووە، لەوکاتەوە کەوتوونەتە خۆیان بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی بۆ تیپە نوێیەکەیان، دوای ئەو هەوڵە بەپێی نووسراوی کارگێڕی کە لە وەزارەتی رۆشنبیری و هونەرەکان- فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی- بەڕێوەبەرێتیی پێوەندییە گشتییەکان - ژمارە ١١٦٢٤ لە ١٩٧٨/٦/٨ و نووسراوی ئەمینداریێتیی گشتی رۆشنبیری و لاوان، ژمارە ٣٦٦٥ لە ٢٠/ ٦/ ١٩٧٨، نووسراوی بەڕێوەبەرێتیی رۆشنبیریی جەماوەر لە سلێمانی، بە ژمارە ٥٥٨ کە لە ١٩٧٨/٦/٢٥ دەرچووە. ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای مەولەوی (٥) کەسن، لە سەرووی هەموویانەوە (نامدار عومەر عەبدولڕەحمان قەرەداغی، ولیەم یۆحەننا خنانیشۆ، عەلی حەمەڕەزا، عەبدولڕەحمان

محەمــەد قــەدری، مســتەفا عەبدولڕەحمــان). دوای وەرگرتنــی مۆڵەتەکــە، ئەندامــی نــوێ وەردەگــرن. ڕۆژی ١٩٧٨/٧/٧ بــە پێــی پەیــڕەوی ناوخۆیــی، یەکەمیــن هەڵبژاردنــی تیپەکەیــان دەســت پــێ دەکات، لــەو هەڵبژاردنــەدا نامــدار عومــەر قەرەداغــی دەبێتــە ســەرۆکی تیپەکــە، حســێن ئەحمــەد خــدر دەبێتــە سکرتێر، عەلــی حەمــەڕەزا دەبێتــە ژمێریــار، حەمەســەعید عەبدوڵــلا و ســەلاح مەجیــد ڕەســووڵ دەبنــە ئەندامــی دەســتەی کارگێــڕی، مەحمــوود محەمەدســەعید و عەبدولڕەحمــان محەمــەد قــەدری دەبنــە ئەندامــی یــەدەگ.

* تیپــی مۆســیقای کۆمەڵــی هونــەر و وێــژەی کــوردی و تیپــی مەولــەوی و تیپــی منداڵانــی (بێخــود) لــە ســەرەتای ســاڵی ١٩٧٠ــەوە تــا ئێســتا لــە زۆربــەی ئاهەنگەکانــی بۆنــەی نیشــتمانی و نەتەوەیــی بەشــدار بــوون. ســاڵی ١٩٧٤ لــە یەکەمیــن میهرەجانــی هونــەری کــوردی لــە بەغدا، کۆمەڵــی هونــەر و وێــژەی کــوردی تێیــدا بەشــدار بــوو، چالاکییەکانیــان هــەر بــە شــارە گەورەکانــی کوردســتان نەوەســتاوە، بگــرە زۆرجــار ئاهەنگــی گۆرانــی و مۆســیقایان بردووەتــە شــارۆچکەکانی ســەر بــە پارێــزگای ســلێمانی لەوانــە: هەڵەبجــە، دەربەندیخــان، قــەرەداغ، چوارتــا، قــەڵادزێ، عەربــەت و تــاد.. لــە ســاڵی ١٩٧٧ــەوە بەنــاوی تیپی کۆمەڵــی هونــەر و وێــژەی کــوردی، دواتــر لــە ســاڵانی ١٩٧٧ و ١٩٧٨ بەنــاوی تیپــی مۆســیقای مەولەوی، لە ڕۆژی جیهانیی مۆسـیقادا بەشـدارییان کردووە، بێجگــە لــە ئاهەنگــە بەردەوامەکانیــان لــە شــاری ســلێمانی و شــارۆچکەکانی دەوروبــەری، بــەردەوام لــە شــاری هەولێــر و کەرکــووک و بەغــدا و مووســڵ ئاهەنگیــان گێــڕاوە.

* لــە شــاری ســلێمانی لــە زۆربــەی ئاهەنگەکانــدا هاوکاریــی مەڵبەنــدی لاوانــی ســلێمانی، کارگەکانــی جگــەرە و شــەکر، یەکێتیــی مامۆســتایان - لقــی ســلێمانی، یانــەی فەرمانبەرانــی زانکــۆی ســلێمانی و ســەندیکای ئەندازیارانــی ســلێمانی و منداڵانــی بــێ دایــک و بــاوک (میتم)یــان کــردووە، تەنانــەت لــە سلێمانی ئاهەنگیــان بــۆ نەخۆشــەکانی نەخۆشــخانەی ســیل گێــڕاوە، ئــەم کارانــە نیشــانەی بوونــی گیانــی هــاوکاری و پێکەوەبییــن کــە بــە فراوانــی و لەســەر هەمــوو ئاســتەکاندا، لەگــەڵ تیپەکانــی نــاو شــاری سلێمانی، بــە مەبەســتی بەرەوپێــش بردنــی هونــەری کوردی بــووە، لــەم ڕووەوە هیچ درێغییــان نەکردووە و دەســتی هاوکارییــان بــۆ هــەر تیپێــک درێــژ کــردووە کە داوای یارمەتییــان لێیــان کردبــێ، هەمیشــە نموونــەی هاوکاریــی نێــوان هونەرمەنــدەکان و تیپــەکان بــوون، هەمــوو ئەوەشــیان هەڵقوڵاوی گیانــی نەتەوەیــی بــووە و لەپێنــاوی بووژانــەوە و بەرەوپێــش بردنــی زیاتــری هونــەری کــوردی ئــەو کارانەیــان کــردووە.

* نامــدار قەرەداغــی هەر لە ســاڵی ١٩٦٩ــەوە کە پێوەنــدی بــە (کۆمەڵــی هونــەر و وێــژەی کــوردی) یــەوە کــردووە، ســەرەتا وەک کەمانچەژەنێــک، دواتر وەک ئاوازدانــەر و ئامــادەکار و دابەشــکار، کاری پەروەردەیــی و کارگێڕیشــی کــردووە. ســاڵی ١٩٧٢ ســەرەتا بــە گۆرانییــەک بــۆ هونەرمەنــد عوســمان عەلــی دەســتی پێکــردووە و (شــەوی بــەرات)ی بــۆ ئامــادە و دابــەش کــردووە، دوابــەدوای ئــەوە گۆرانــی (شــەوانی شــوانی) بــۆ هونەرمەنــد ســەلاح مەجیــد ئامــادە و دابــەش کــردووە. هــەر لــەو ســەرەتایەوە (٣) گۆرانــی بــۆ عوســمان عەلــی و (٤) گۆرانــی بــۆ ســەلاح مەجیــد و (٣) گۆرانــی بــۆ حەمەی نێرگس و (٢) گۆرانــی بــۆ عوســمان شــارباژێڕی، (٢) گۆرانــی بــۆ حەمــە جــەزا، (٢) گۆرانــی بــۆ نیــاز نــووری، (٣) گۆرانــی بــۆ کــۆرس ئامــادە و دابــەش کــردووە، دواتــر کاری بــۆ گۆرانیبێــژان: ئیبراهیــم ســەعید، ئــاوات فایــق، پرتــەو عەبدولعەزیــز، کاژاو شــەوکەت،

مەحموود محەمەدسەعید، ئەحمەد محەمەد، نیشتمان محەمەد غەریب، عەلی محەمەدئەمین، ئەحمەد محەمەدڕەشید، حەمەڕەئووف عەبدوڵڵا، عەلی محەمەدئەمین، خەڵات خالید دلێر، کەمال ئەمین، ئاری عارف، پەیمان عومەر، جۆرج ئاشووتی کردووە و بۆ هەریەکەیان گۆرانییەکی ئامادە و دابەش کردووە. ساڵی ١٩٧٩ ئۆپەرێتی ڕووبار کە (ع. ع. شەونم) بە دەستکارییەوە وەری گێڕاوە، ئەم ئاوازی بۆ داناوە و دابەشی کردووە، لە تیپی میللیشدا، ساڵی ١٩٧٨ (٤) گۆرانی بۆ دارا محەمەد هەورامی و (٣) گۆرانی بۆ کەریم خەمزەیی و گۆرانییەکی بۆ هەریەک لە هونەرمەندان عوسمان کەیمنەیی و سیروان هەورامی ئامادە و دابەش کردووە. ئەو گۆرانیانە بەشێکی زۆریان شیعرەکانیان فۆلکلۆرین، ئەوانی دیکەیان شیعری شاعیرانی ناسراوی وەک: مەدهۆش، نووری وەشتی، قادر برسی، عوسمان شاربازێڕی، ماجیدی خەیات، ئەحمەد محەمەد، ڕەووف حەسەن، دڵشاد مەریوانی، شێخ ئەنوەر، شێخ سەلام، سالار قەرەداغی، نامدار قەرەداغی بوون.

* لە بواری کارکردن لە سروودی کوردیدا زۆر کاری جوانی کردووە، چونکە هەر زوو کاریگەری ئەو سروودانەی بەسەر تاکەکانی کۆمەڵی کوردەوارییەوە زانیوە. یەکەم جار ساڵی ١٩٨٠ لە سلێمانی بە نهێنی چەندان سروودی نیشتمانی لەلایەن تیپی منداڵانی بێخود بۆ هونەرمەند ناسری ڕەزازی تۆمار کردووە، کە لەو سەردەمەدا خۆی سەروکاری ئەو تیپەی کردووە، پاشان سروودەکان لە ڕادیۆی شۆڕش بۆ هەموو کوردستان بڵاوکراونەتەوە، ئەو سروودانە تا بە ئەمڕۆکەش دەگات ناو بە ناو بڵاو دەبنەوە و کاریگەریی خۆیان بەسەر هەستی نەتەوەیی گوێگرانەوە هەیە، سروودەکانیش بریتین لە (من پێشمەرگەی کوردستانم)، (ئەی شەهیدان)، (دایە ماڵئاوا)، (هیوا هیوا)، (وڕوکاس و سەرگەردانم)، (تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم)، (کارگەرین جەنگاوەرین)، (سەدەی بیستەمە)، (من ئەو دیلەم)، (ساڵێکی تریش وا داهاتەوە)، (دەمی ڕاپەڕینە) بوون، سەرجەمی ئەو سروودانە لە ئامادە و دابەشکردنی ئەو هونەرمەندە بوون، سروودی (هیوا هیوا)ش خۆی ئاوازی بۆ داناوە و ئامادە و دابەشی کردووە.

* کاتێک بڕیار دەدا بچێتە دەرەوەی وڵات، سەرەتا لەڕێی هاوڕێیەکی خۆی کە لە ڕێکخستنەکانی ناو سلێمانی کاری کردووە، ئەویش بەهۆی چاوساغێکەوە بەرەو ناوزەنگ بەڕێی دەکا، لەوێوە بەرەو ئێران دەچێ، لە ئێران ماوەی چەند مانگێک لە پارکی ئیرەم خۆی و (١٢) هاوڕێی دەستبەسەر دەکرێن، کاتێ بەڕێکەوت کاوەی شێخ لەتیف بەم هەواڵەی زانیوە، بە ئێرانییەکان دەڵێ ئەوانە عایدی خۆمن، بۆیە ئەوانیش پێیان دەڵێن لە پارکی ئیرەمەوە بەرەو کەرەج بڕۆن، لەوێ پارکێک هەیە، لەو پارکە، لە ماوەی هەفتەیەکدا موعامەلەیان بۆ تەواو دەکرێ، پێشیان دەڵێن ئەگەر ئەو پیاوە کەفالەتی ئێوەی نەکردبا، نیازمان وابوو تا کۆتایی شەڕی عێراق- ئێران وەک دەستبەسەر لەلای خۆمان گلتان بدەینەوە، پاشان دەدرانە دادگای شۆڕشی ئێران، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو لەلای ئێمە پیاوێکی گەورە و پیرۆزە، بۆیە لە ئێوە خۆش بووین و ئێستا دەتوانن بڕۆن، کە ڕۆیشتوون، بەترانسێت شەوێک لە ڕۆمانیا ماونەتەوە و لە ڕێگەی هێڵی ئاسمانییەوە بەرەو (ئەمستردام)ی پایتەختی هۆڵەندا چووە.

* لە ساڵی ١٩٨٢ کە دەگاتە دەرەوەی وڵات و وەک پەناهەندەیەک لە وڵاتی هۆڵەندا دەگیرسێتەوە، پاش هەفتەیەک تیپێکی گۆرانی و مۆسیقا و هەڵپەڕکێ و نواندن دروست دەکات و ناوی (تیپی هونەری ئاوارە)ی لێ دەنێ، بە هۆی چالاکییە هونەرییە زۆر و بەردەوامەکانی، لە شارەکانی هۆڵەندا زۆر زوو ناو و ناوبانگ دەردەکەن، لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنە بەناوبانگەکانی هۆڵەندا و ئەڵمانیا زۆر چالاکی دەنوێنن و بەرنامە پێشکەش دەکەن. ساڵی ٢٠٠١ لە هۆڵەندا قوتابخانەی مۆسیقای (نامۆ) بۆ منداڵان و گەوران دادەمەزرێنێ، لەم قوتابخانەیەدا تیپی مۆسیقای نامۆ دروست دەکات کە کار و چالاکییەکانی لەو شوێنەدا زۆر و بەرچاون، هەر لەو ساڵانەدا چەندان جار لە تەلەڤزیۆنی (مێد تیڤی) و (ڕۆژ تیڤی) بە لایڤ پرۆگرام پێشکەش دەکەن. لە هۆڵەنداوە بەشداری لە پێشبڕکێی مۆسیقا دەکەن، هەر ئەو کاتەش دوو ڤیدیۆ کلیپ بۆ منداڵان دەردەکات.

* کارە هونەرییەکانی نامدار قەرەداغی لە ناوەوەی وڵات چەند زۆر و بەردەوامبوون، لە دەرەوەی وڵاتیش هەرگیز لە چالاکیی هونەری دانەبڕاوە و دوور نەکەوتووەتەوە، بۆیە کە گەیشتووەتە ئەوێ، کۆڵی خەمی نەتەوە و هونەر و داهێنانی هەر بە کۆڵەوە بووە، دوای هەفتەیەک کە تیپی هونەری (ئاوارە)ی داناوە، ئەو تیپە لە ساڵی ١٩٨٢ تا ١٩٩٦ لە چالاکییەکانی خۆی بەردەوام بووە، دوای وەستانی تیپەکەش، کە لە ساڵی ٢٠٠١ تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ ئەو چالاکیانەی هەبووە، ئیتر بەرەو کوردستان گەڕاوەتەوە. لە ماوەی (١٥) ساڵدا لە ڕێگەی تیپی (نامۆ)وە درێژەی بە کاری هونەریی خۆی داوە، ساڵی ١٩٨٣ تیپی ئاوارە کاسێتێکی سروودی نیشتمانی دەرکردووە، هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە هەر لە ئاوازەوە تا ئامادەکردن و دابەشکردنیان ئەم هونەرمەندە خۆی جێبەجێی کردوون. دوای دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو کاسێتە، ئەم جارە لەگەڵ تیپێکی هۆڵەندایی بەناوی ئیکس دەردەکەون، لەو ماوەیەشدا ئەو تیپە چالاکە بەشداری چەندان کۆنسێرت و فیستیڤاڵ دەکات و لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ئەوروپا میهرەجان و چالاکیی هونەری و سیاسی دەکەن. لە ساڵی ١٩٨٥ تا ساڵی ١٩٩١ کۆنسۆر ڤاتۆریۆم کە لە هۆڵەندا بەرزترین خوێندنی پراکتیکی مۆسیقایە، بەسەرکەوتوویی تەواو دەکات، دوای ئەو خوێندنە، لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ وەک مامۆستا لە قوتابخانەیەکی هۆڵەندی دامەزراوە و لە چەندان قوتابخانەی ئەوێ وانەی هونەری گوتووەتەوە.

* ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی عێراق بووە، لە ساڵی ١٩٨١ـەوە تا ساڵی ١٩٨٢ کە چووەتە دەرەوە، لە سلێمانی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری سەندیکای هونەرمەندان - لقی سلێمانی بووە. لە دەرەوەی وڵات ساڵی ١٩٨٣ کاسێتێک بۆ (دەلال) گۆرانیبێژی کوردی باکوور لە ئەڵمانیا دەردەکات کە هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی بووە. ساڵی ١٩٨٦ لە کەنەدا کاسێتێکی بۆ نووری مام برایم دەرکردووە کە هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە لە ئامادە و دابەشکردنی خۆی بووە، یەکێک لە گۆرانییەکانی ئەم کاسێتە شیعر و ئاوازی خۆی بووە. ساڵی ١٩٨٨ بەبۆنەی کیمیابارانی هەڵەبجەوە سەمفۆنیای هەڵەبجەی داناوە، کە ئاواز و دابەشکردنەکەی هەر هی خۆی بووە، لە تیپی سەمفۆنیای ڕوچیتی- هۆڵەندا ساڵی ١٩٨٨ پێشکەش کراوە، دواتر

کۆڕاڵی (ئازیز چاوەکەم) و کۆڕاڵی (گیانی شیرین) لە هەڵبەستی خۆی و فۆلکلۆر، ئاواز و دابەشکردنی خۆی لە ڕێگەی تیپی کۆڕاڵی هلڤەرسوم کۆنسرڤا تۆریۆم پێشکەش کراوە.

* کارە هونەرییەکانی هونەرمەند نامدار قەرەداغی لە دەرەوەی وڵات زۆرن لەوانە: لە ساڵی ٢٠٠٥، سەرجەم کارە هونەرییەکانی کۆنسێرتێکی هونەریی تیپی هونەری نامۆ لە هۆڵەندا دەگرێتە ئەستۆی خۆی، کۆنسێرتی ٢٠٠٧/١٠/٧ لە هۆڵەندا، کە بریتی بووە لە پارچە مۆسیقای ئاوێزان، ئاواز و دابەشکردنی خۆی و ئۆرکێستی سەمفۆنی هەوایی ڤیلس کراخت ڕادەپەڕێنێ. گۆرانی (بۆ بێدەنگی)، پارچە مۆسیقای چەمی ڕێزان، ئاوازی حەسەنی نەی و ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی، هەروەها پێشکەش کردنی سروودی نیشتمانی هۆڵەندی و کوردی پێکەوە کە ئۆرکێستی ڤیلس کراخت لەگەڵ تیپی مۆسیقای نامۆ پێشکەشیان کردووە، ئەوەش لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی بووە. پێشکەشکردنی گۆرانی (هەی بێنن بێنن) کە شیعر و ئاوازی فۆلکلۆرە، لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی، تارا ڕەسووڵ و نیاز شەیدا گوتوویانە، هەروەسا سەمفۆنیای هەڵەبجە لەگەڵ تیپی ئۆرکێستی ڤیلس کراخت، ئامادە و دابەشکردنی خۆی بووە.

* کۆنسێرتی ٢٠٠٩/١٠/١٠ لە هۆڵەندا، (٨) بەرهەمی هونەری لەخۆی گرتووە، لە هۆڵی ستاندس خهۆر زاڵ لایدن پێشکەش کراوە کە بریتی بووە لە گۆرانی و سروودی نیشتمانی لەوانە: سروودی نیشتمانی ئەی ڕەقیب و سروودی نیشتمانی هۆڵەندی بە جیا و پێکەوە، گۆرانی ئەستێرە نەکوژاوەکان (پەیمان عومەر)، گۆرانی (وەرە قوربان)، (ناسری ڕەزازی)، کۆرسی لینگوا میوزیکا، گۆرانی (شیرین هەر لامە)، (نیاز شەیدا)، گۆرانی (شەش پەپوولەکە)، (دڵنیا ڕەزازی)، کۆڕاڵی لینگوا موزیکا (گەشتێک بە گۆرانییەکانی شەماڵ سائیب)دا، (گەشتێک بە گۆرانییەکانی عوسمان عەلی)دا، (دەشتی کەلهوڕی)، گەشتێک بە ئاوازە ڕەسەنەکاندا، (ناسڕی ڕەزازی)، سەرجەم ئەو گۆرانی و سرووده نیشتمانیانە لەلایەن تیپی ئۆرکێستی لایدن سمڤۆنیتا و کۆڕاڵی لینگوا میوزیکا، لە ئاواز و ئامادە و دابەشکردنی نامدار عومەر قەرەداغی بوون.

* دیسان کۆنسێرتی ٢٠١٢/١١/٢٤، لە هۆڵی ستادس خهۆر زاڵ لایدن لە هۆڵەندا پێشکەش کراوە، لەو کارە هونەریانەش گۆرانی (ناکامی)، وتنی (ئونا سنتینا)، ئۆرکێستی راین لاند سەمفۆنی ئۆرکێست، گۆرانی (من هەم)، وتنی (نەجمەددین غولامی)، ئۆرکێستی بیگ بێند ئۆخست خەیست، کۆڕاڵی کەنتیامۆ دێڵفت. پارچە مۆسیقای بێسنوور، ئاوازی ڕۆستینی، مۆزارت، ئەنوەر قەرەداغی، نامدار عومەر قەرەداغی ڕێکی خستووە و لە یەکی داوە و دابەشی کردووە و بە هارمۆنی کردووە. گۆرانی (ئامان میم گورجی)، وتنی (پەیوەند جاف)، ئۆرکێستی ڕاین لاند سەمفۆنی ئۆرکێست و کۆڕاڵی مۆڵتی کولتی کۆر ڕۆتردام. ئۆپەڕێتی (گوڵی خوێناوی)، ئاوازی ڕەفیق چالاک، ئۆرکێستی ڕاین لاند سەمفۆنی ئۆرکێست و کۆڕاڵی مۆڵتی کولتی کۆر ڕۆتردام کە سەرجەم ئەو کارانە نامدار قەرەداغی سەرپەرشتی و ئامادە و دابەشی کردوون. کۆنسێرتی ٢٠١٣/١١/٢٤، گۆرانی (گەشتی هەورامان)، وتنی کۆڕاڵی کەنتیامۆ دێڵفت، ئۆرکێستی نامۆ لە هۆڵەندا. گۆرانی (زەماوەندە)، وتنی (پەیوەند جاف)، لەگەڵ ئۆرکێستی بیگ بێند ئۆخست خەیست

و کۆڕاڵی کەنتیامۆ دێڵفت. گۆرانی (شیرینێ)، وتنی شاخەوان و ولیسا ڤان ئارند. ئۆرکێست بیگ بێند ئوخست خەیست و کۆڕاڵی کەنتیامۆ دێڵفت.

* لە دەرەوەی وڵاتیش پێشمەرگەی لەبیر نەکردووە، بۆیە کۆنسێرتی ڕۆژی ٢٠١٦/٣/٥ بۆ پشتگیری پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە داعش تەرخان کردووە، ئۆرکێست بیگ بێند ئوخست خەیست و کۆڕاڵی فۆکاڵ ئەنسەمبلە ئەلەخریا، گۆرانی (ئاڵاپۆش)، لە شیعری ئەحمەد محەمەدە کە بۆ پێشمەگەی نووسیوە و بە تایبەتی داویەتی بە ئەوان، وتنی مارتین ڤان ئۆس و ئێلن ڤان ئۆس، لەگەڵ پێشکەشکردنی سروودەکانی (ئەی شەهیدان، ئەی ڕەقیب، من پێشمەرگەی کوردستانم، وا وەتەن خەملیوە، خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم، خوایە وەتەن ئاواکەی)، کە سەرجەمی ئەو گۆرانی و سروودانە لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی بوون، ئەمە دوا کۆنسێرتی بووە کە لە ئەورووپا پێشکەشی کردووە، دواتر گەڕاوەتەوە کوردستان و درێژەی بەکار و چالاکییە هونەرییە جیاواز و تایبەتەکانی خۆی داوە.

* لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ لە شاری سلێمانی فێرگەیەک دادەمەزرێنێ و ناوی دەنێ (فێرگەی نامدار قەرەداغی بۆ فێرکردنی مۆسیقا) کە بە فەرمی لە ٢٠١٧/٢/٤ کراوەتەوە. ئەم فێرگەیە چەندان چالاکی بۆ منداڵپارێزی کوردستان و کەمپی عەربەت و نەخۆشخانەی هیوا پێشکەش دەکات، فێرگەکە بێجگە لە سلێمانی، دەیان کۆنسێرتی هونەریی ڕەسەنی کوردی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان ساز کردووە لەوانە: هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە، دەربەندیخان، چەمچەماڵ، قەرەداغ، هەروەها ئەم فێرگەیە لە زۆر چالاکیی هونەری لە بۆنەی نەتەوەیی و نیشتمانی و جیهانیدا بەشداری کردووە و بەلایڤ لە زۆر کەناڵی تەلەڤزیۆنی بەرنامەی پێشکەش کردووە و تا ئێستا لەسەر ئەو کار و چالاکی و بەرنامانەی بەردەوام بووە.

* لەمێژە وەک هونەرمەندێک شوێن پێی کار و چالاکییە هونەرییەکانی ئەم هونەرمەندەم هەڵگرتووە و ئاگاداری ئیشەکانی هەم، دوای ساڵی ٢٠١٦ کە بە یەکجاری گەڕایەوە کوردستان و لە سلێمانی گیرسایەوە و فێرگەیەکی بە ناوی خۆیەوە دانا، ویستوومە هەلێک بدۆزمەوە و گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی لەگەڵدا ساز بکەم و ئەو مێژووە پڕ لە سەروەری و چالاکی و بەخششە زۆرە بەسەر بکەمەوە، ئەوە بوو ساڵی پار توانیم ئەو ئەرکە ڕۆژنامەوانییە لە شاری سلێمانی بەجێ بگەیەنم و لە هەڤپەیڤینێکی بەرفراواندا بەسەری بکەمەوە، با بە یەکەوە گەشتێک بکەین و سەرێک بەناو ئەو وێستگانەدا دابگرین و ئەو خەرمانە دەوڵەمەندەی شەنوکەو بکەین.

**ڕامـان:** دەبـێ دواتـر ئـەو ناوانـە، بـە تـەواوی ڕوون بکەینـەوە.

**نامـدار قەرەداغـی:** دۆزینەوەیـان ئاسـانە، وەکـوو پێشـتر گوتـم مـن لەوانـە زۆر بـاش نیـم، بە گشـتی لـە بەبیرهاتنـەوەی نـاو بـاش نیـم، لـە ناسـینەوەی خەڵـک لـە مـام ناوەندی خوارتـرم.. بیـرم کەوتەوە جـەلال کۆچەریـش لـەوێ گۆرانیبێـژ بـوو.

**ڕامـان:** کـە چوویتـە لایـان، ئەویـش لـەوێ دانیشـتبوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** نەخێـر، ئـەو لـەوێ نەبـوو، دوایـی زانیـم ئەویـش لـەو تیپـەدا گۆرانیبێـژە، ماوەیـەک پێکـەوە بوویـن، بابزانـم کێـی دیکـە لـە خەیاڵمـدا مـاوە؟

**ڕامـان:** بـۆ ئـەوەی کـەس مافی نەخورێت، هەوڵ بدە هەمـوو نـاوەکان بەبیر خـۆت بهێنیتەوە.

**نامـدار قەرەداغـی:** هـەر بیـر دەکەمـەوە، بزانـم نـاوی کێـی دیکـەم دەسـت دەکـەوێ، کوڕێکـی لـێ بـوو، نازانـم لـەو سـەرەتایە لـەوێ بـوو، یـان نـا، (هـاڕوون سـەنەکەریم)یان پـێ دەگـوت، ئەویـش ئەنـدام بـوو.

**ڕامان:** ئەم ژەنیارە ئێستا لە ژیاندا ماوە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ئێسـتاش مـاوە، مەسـیحییە، (ئۆکۆردیـۆن)ی لـێ دەدا، ئەلبێـرت عیسـاش ئۆکۆردیۆنـی لێ دەدا کە ماوەیەکی کـەم لە کۆمـەڵ بـوو، بـە گشـتی ئەمانـە بـوون پێکـەوە گۆرانییەکیـان دەگـوت.

**ڕامان:** نازانی ناوی گۆرانییەکە چ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** گۆرانییەکـە (ئامینێ و نازەنینێ) بـوو، ئەوانـە خەریکـی ژەنینـی ئـەو گۆرانییـە بـوون، کـە مـن چـووم وەسـتان، کەسـیانم نەدەناسـی، شـەوکەت ڕەشـید گوتـی کەمانەکـەت دەرکـە، ئـەوان کەمانچەیـان لـێ دەدا، زۆر خـۆش لێیـان دەدا، ئاخر مـن هـەر ژەنینـی کەمانـی خـۆم گـوێ لـێ بووبـوو، دەنگـی کەمانـم لـە تەلەڤزیـۆن، یـان لـە قەوانەکانـدا گـوێ لـێ بووبـوو، ڕاسـتەوخۆ کلارنێتێکـی شـەوکەت ڕەشـید و شمشـاڵێکی ئـەوی دی و تەپـڵ و عـوود و کەمـان و ئەوانـە تێکەڵـی یـەک بووبـوون و گۆرانـی دەڵێـن، پێشـتر ئـەوەم نەدیبـوو.

**ڕامـان:** لـەم سـاتەدا کـە ئـەوەت بـە چـاوی خـۆت بینـی، هەسـتت بـە چـی کـرد؟

**نامـدار قەرەداغـی:** لەخۆشـیاندا هەسـتم دەکـرد یـاری بـە تەلەکانـی دڵـم دەکـەن، ئەوەنـدە ئـەو مۆسـیقایەم لـەلا خـۆش بوو، کە گوتـی کەمانەکەت دەرکـە و لەگەڵمانـدا لێـی دە، کەمانـم دەرکـرد و لەگەڵیـان دەسـتم بـە ژەنیـن کـرد، ڕاسـتییەکەی نازانـم چۆنـم لـێ داوە، بـەڵام ئافەرینیـان کـردم.

**ڕامـان:** دیـارە ژەنینەکـەت سـەرنجیانی ڕاکێشـاوە و بـە دڵیـان بـووە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** پێیـان نەگوتـم بەتەنیـا شـتێک لـێ بـدە، لەگـەڵ ئەوانـدا کەمانـم لـێ دا، ئـەوان زیاتـر دەزانـن مـن چـی لـێ دەدەم، شـەوکەت ڕەشـید بـاش دەیزانـی.

**ڕامـان:** دیـارە شـەوکەت ڕەشـید بەرپرسـی ئـەو تیپـە و هەمـوو شـتێک بـووە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** شـەوکەت ڕەشـید یەکێـک لـە دامەزرێنـەران و ئەندامـی دەسـتەی کارگێـڕی کۆمـەڵ و لێپرسـراوی بەشـی مۆسـیقا بـوو.

**ڕامـان:** کەسـێک هەبـوو جێگری بێ، لـەو کاتانەی ئـەو لـەوێ نەبـێ جێگـەی بگرێتەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** ئاگام لەوە نییە.

**ڕامـان:** ئێـوە هەمـوو ڕۆژێ دەبووایـە لـە تیـپ ئامـادە بـن؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، ئێمـە هەمـوو ڕۆژێـک دەبوویـن بـە شـەوکەت ڕەشـید، چونکـە ئـەو هەمـوو ڕۆژێ نەیدەتوانـی بـێ، لەبـەر ئـەوەی وەک (جێگـری ئەفسـەر- نایـب زابـت)، لـە تیپـی

جوق و مۆسیقای کەرکووک بوو، ئەفسەرەکەیان کەسێکی کەمتەرخەم و بێ تاقەت بووە، ئەم لە جیاتی ئەو، هەموو ئیشەکانی دەکرد، ئەوەندەی نەبرد بوو بە ئەفسەری تیپی جوق و مۆسیقای سەربازیی کەرکووک.

**ڕامان:** لەو تیپی جوق و مۆسیقایە، کەسی دی نەهاتبووە تیپەکەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** دوو ژەنیاری ئەوێ کە ئەوانە یەکەم کەرەت لە کۆمەڵ نەبوون، ئەوەندەی لە خەیاڵم بێ ئەمانە دواتر هاتن، سامی سلێمان، کلارنێتی لێ دەدا، خەسرەو محەمەد فەتاح، بە سەکسەفۆن بەشدار بوو، لەگەڵ شەوکەت ڕەشید هەر لەگەڵ تیپی سپا – جەیش بوون، جوق و مۆسیقای جەیشیان لێ دەدا.

**ڕامان:** مەبەستت چییە لەوەی کە دەڵێی جوق و مۆسیقای جەیشیان لێ دەدا؟

**نامدار قەرەداغی:** خۆت دەزانی سپا فووی پێدا بکە و قایم لێی دە پەیڕەو دەکات، ئێستا سەکسەفۆنی ئێمە، جاران کە لێ دەدرا، دەبووایە گەڕەکێک چۆڵی بکردبایە، کە چووینە ئەورووپا، ئیتر وردە وردە لای خۆشمان وای لێ هات، دەتوانرێ سەکسەفۆن لە کلارنێت خۆشتر و نەرمتر لێ بدرێ، بۆ نموونە ئێمە سەکسەفۆنەکەمان کە فووی پێدا دەکرد، دەمانگوت تکایە سووک، یان ڕەق لێی بدە، من ناوم لەوە ناوە جەیشانە، دەنا ئەوە ناوێکی باو و بڵاو نییە.

**ڕامان:** ڕۆژانە چەند سەعات مەشق و ڕاهێنانت کردووە؟

**نامدار قەرەداغی:** بێ ئەوەی من لە تیپی مۆسیقا بم، هەشت سەعات ڕاهێنانم کردووە و بەردەوام خەریک بووم و گۆرانیم دەگوتەوە، زۆر بەجیددی سەرقاڵ بووم، بڕیارێکم دابوو، ئەوەش ئەوەندەی دیکە هانی دابووم، بەڵام




**سلێمانی، ١٩٧٠، جەژنی جیهانیی منداڵان، تیپی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی. نیان کەمال ڕەشید گۆرانی گوڵی خوێناوی دەڵێ. لە ڕاستەوە: شەوکەت ڕەشید، نامدار عومەر قەرەداغی. لە چەپەوە: ئەوەی ئۆکۆردیۆن لێ دەدا هاڕوون سەنە کەریم.**

لەم ماوەیەی هەوڵم دا و لەوێ بووم، تا دواییش نە شەوکەت ڕەشید، نە هیچ کەس، بە منیان نەگوتووە ئەو پەنجەیەت وا لێ مەکە و وای لێ بکە، دوایی بۆم دەرکەوت ئەوانە پرۆفیشناڵ نەبوون، ناڵێم ژەنیاری خراپ بوون، یان ئاستیان خراپ بوو، ڕاستییەکەی ئێمە لەلایەنی هونەرییەوە لە ئاستی تیپی مۆسیقای سلێمانی نەبووین.

**ڕامان:** لە سەرەتاوە چۆن توانیت ئامێرێک بژەنی کە یەکێک نەبووە ڕێنموونی، یان فێرت بکات؟

**نامدار قەرەداغی:** وردە وردە و لە بەرەوە کەسەکە فێر دەبێ.

**ڕامان:** پێتوانییە هەندێ جار ئەو ڕێنمایی پێ نەدان و فێرنەکردنە هی بەغالەت بێ، چونکە کەسی وا هەیە نایەوێ هیچت فێربکا، بۆ ئەوەی لەو باشتر دەرنەچیت و پێش نەکەویت، یان ببیتە مونافسی ئەو، تا وەک خەڵکی ئاسایی بۆ خۆت فێر بیت؟

**نامدار قەرەداغی:** لەو کاتەدا ناتوانی ناوی

بنێـی بەغالـەت، چونکـە ژمـارەی مامۆسـتا کەمـە، خـۆ ولیـەم یۆحەننـا بەغیـل نەبـوو، بـەڵام چـی لـە چـوار دەوری بـوو، فێـری کـردن، ئـەو هـەر ئەوەنـدەی لـێ زانیـوە و ئەوەنـدەی لـە دەسـەڵاتدا بـووە، ئەوانـەی لێـزان بـوون، ئەوانـەی دیپلۆماسـیەتیان هەبـووە هاتوونەتـە پێشـەوە، خۆیـان لێـی نزیـک کردووەتەوە و لێیـەوە فێربوون.

**ڕامـان:** ئاخـر ئـەو سـەردەمە کەسـێک حـەزی لـە مۆسـیقاش کردبـێ، لەوانەیـە نەیتوانیبـێ ئامێرێـک بکـڕێ و هـەوڵ بـدا بـە باشـی خـۆی فێـر بـکا؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ئەوانـەی ئیمکانیەتـی مـاددی و ئامێریـان هەبـووە هاتوونەتـە پێشـەوە، لەوانەیـە ئێمـە زۆر (بتهۆڤن)مـان هەبووبـێ، بەتایبـەت دایـک و باوکـی بتهۆڤـن گرنـگ بـوون، باوکـی مۆسـیقاژەن بـوو، کـە لـە سـکی دایکیـدا بـووە، باوکـی پیانـۆی لـێ داوە، لـە سـکی دایکـی گوێـی لـێ بـووە، کـە پـەروەردە بـووە یەکسـەر دەسـتی بە پیانـۆدا هێناوە، لەوانەیـە جووتیارێکمـان وەک بتهۆڤـن بەشـێوەی بـۆ ماوەیـی هەبووبـێ، بـەڵام مامۆستایانی مۆسـیقا کـەم بـوون، بۆیـە ژمارەیەکـی کـەم دەتوانـرێ سـوودیان لـێ وەربگیـرێ.

**ڕامـان:** زۆریشـیان ئەکادیمیانـە فێـری مۆسـیقا نەبـوون، بـە خۆڕسـک فێـری بـوون؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ولیـەم یۆحەننـا ئەکادیمـی بـووە، ئەنـوەر قەرەداغـی خۆڕسـک بـووە، ئەویـش هـەر خـۆی، خـۆی فێر کـردووە، هەرچەندە م. ولیەم یۆحەننـا زۆر شتیشـی پـێ گوتـووە، بـەڵام وەکـوو ئەکادیمـی هەمـوو ڕۆژێ وانـەی پـێ نەگوتـووە، ئەنـوەر قەرەداغـی خـۆی کەسـێکی زیـرەک بـووە، ولیـەم یۆحەننـا سـەرەتاکانی مۆسـیقای پـێ گوتـووە، دواتـر ئـەو خـۆی بەدواداچوونـی کـردووە، خالیـد سـەرکار و فرەنسـیس داوود هەمـان شـت، بـەڵام خۆشـبەختانە ئـەوان ولیـەم یۆحەننایـان هەبـووە، مـن ولیـەم یۆحەننایـەک، یـان (ئەنـوەر قەرەداغی)یـەک و ئەوانـی دیـم نەبـووە فێـرم بکـەن.

**ڕامـان:** بـە قسـەکانتەوە دیـارە دەوری هونەرمەند شـەوکەت ڕەشـید لەسـەر تـۆ، لـە هەموویـان زیاتـر بووبێ؟

**نامـدار قەرەداغـی:** شـەوکەت ڕەشـید بـۆ مـن، باوکێکـی ڕۆحیـی هونەریـم بـوو، چونکـە ئەوپـەڕی ڕێـزی لـێ دەگرتـم، کـە گوتـی فەرمـوو کەمانەکـەت دەرکـە، زانیـی مـن بەهرەیەکـم هەیـە.

**ڕامـان:** سـەرەتا ئـەو دەرفەتـی بـە تـۆ داوە و هەلـی بـۆ ڕەخسـاندووی تـا متمانـە بـە خـۆت پەیـدا بکـەی؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، زانـی مـن بەهرەیەکـم هەیـە، لـە ماوەیەکـی زۆر کەمـدا بـووم بـە جێگـری، دیـارە هەسـتی کـردووە کـە مـن شـتێکم پێیـە، شـەوکەت ڕەشـید دوو خێزانـی هەبـوو، خێزانێـک لـە کەرکـووک، خێزانێـک لـە سلێمانی، خەرجییەکـی زۆری هەبـوو، بـە مووچەیەکـی کەمی تیپی مۆسیقای ئـەوێ دەژیـا، لـە کاتێکـدا ئـەو زەمانـە کـە ئێمـە مۆسـیقامان لـێ دەدا، پارەمـان داوە، ئابوونەمـان دەدا، واتـە هەرچییەکمـان کردبـێ پارەمـان سـەرف کـردووە.

**ڕامـان:** ئێـوە بـێ بەرانبـەر و خۆبەخشـانە کارتان کـردووە، بەرانبـەر کارەکانتـان هیـچ پاداشـتێکتان وەرنەگرتووە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** قـەت پارەمـان وەرنەگرتـووە، هـەر بـەو بیروباوەڕەشـەوە ئیشـمان کـردووە، باوەڕی خزمەتکردنـی کـوردەواری، بـاوەڕی کوردایەتـی، باوەڕێـک بـۆ نەتـەوە، ئەوجا بۆ خزمەتـی مرۆڤایەتی، ئـەو کاتـە گەنجێـک بـۆ خزمەتـی کوردایەتـی، ئەوجا مرۆڤایەتـی خـۆی تەرخـان دەکا، ئێسـتا کـە گەیشـتووینەتە ئـەو تەمەنـە و زیاتـر تـێ گەیشـتین، دەڵێیـن نـا، مرۆڤایەتـی، ئەوجـا کوردایەتـی، ئـەوە

دوایی زیاتر لەسەری دەڕۆیین.

**ڕامان:** تۆ چەند ساڵ لە تیپی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی مایتەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** من تا ساڵی ١٩٧٧ لەوێ مامەوە، سەرەتا کە چوومە ئەوێ، پاش ساڵ و نیوێک، ئیدی شەوکەت ڕەشید پچڕپچڕ دەهات، گرفتی لەگەڵ کۆمەڵدا هەبوو، دەبوایە کۆمەڵ لە ڕووی ماددییەوە پاڵپشتی و خزمەتی بکردبایە، بە باوەڕی من خزمەتیان نەدەکرد، بۆیە ئەویش دەهات، نەدەهات، خولێکی کردەوە بۆ ئەوەی مۆسیقاژەنەکان لە کاتی ژەنینی سەیری نۆتە بکەن، یەک وانە، دوو وانەی گوتەوە، بەڵام ئەو کارەی زۆر سەرەتایی بوو، من زۆر لەوە تێپەڕیبووم، دوایی وای لێ هات هەر نەدەهاتەوە، ئەوەبوو من وانەکەم بە موزیکژەنەکانی دیکە دەگوتەوە.

**ڕامان:** تۆ وانەت بە مۆسیقاژەنەکانی لای خۆتان دەگوتەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، وانەم بە مۆسیقاژەنەکانی کۆمەڵ دەگوتەوە، ئەوانەی پێشتر ناومان بردن، ئەوانەش کە دوای ئەمان هاتن.

**ڕامان:** ئەی لە هاوینان خولتان بۆ قوتابیان نەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، جارێ خولمان نەبوو.

**ڕامان:** وانەکان هەر تەنیا بۆ مۆسیقاژەنەکانی ناو کۆمەڵ بوون؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، هەر بۆ ئەوانەی ناو کۆمەڵ بوو، ئاخر پێشتر ئەو وانەی نۆتەی سەرەتایی دەگوتەوە، من تەواوکاریم بۆ دەکرد، ئیدی شەوکەت ڕەشید نەهاتەوە، با باسی هۆکار نەکەین، هەرچەندە تۆزێکیش هۆکارەکەی دیارە، بۆیە هەر بە یەکجاری نەهاتەوە، دوای ئەو یەکسەر بوومە لێپرسراوی بەشی مۆسیقای کۆمەڵ.

**ڕامان:** ئەگەر لێرە دەرفەتم بدەی، شەوکەت ڕەشید دوای ئەوەی ڕۆیشت و نەهاتەوە کۆمەڵ، لە دوای ئەوەی ڕۆیشتەوە کەرکووک، چەند جاری دیکە بینیتەوە؟ دوای ئەو ڕۆیشتنەی، بۆ کاری هونەری، هیچ لەگەڵ یەکتری هاوکاریتان هەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوەی کە قەت نەیەتەوە لامان، ئەوە بە قۆناغ ڕووی دا، جار بە جارێک دەهاتەوە، بۆ نموونە میهرەجانی هونەری کوردی هاتە پێشەوە، ئەو هاتەوە، پێوەندیی بە ئیشەکەوە کردەوە، بەڵام لەو کاتانەی نەدەهاتەوە، ئەوە من لێپرسراو بووم، کە دەهاتەوە ئەو لێپرسراوی تیپەکە و گەورەمان بوو.

**لە سەرەتاوە کە دەستم دایە هونەر، لە ئاستێکی زۆر گەورەدا بەغالەت هەبوو، ئێستاش بە شێوازێکی دی هەیە.**

**ڕامان:** پێم خۆشە تا نەچووینەتە سەر بابەتێکی تر، لەسەر شەوکەت ڕەشید بگیرسێیتەوە و هەموو قسەکانی خۆت سەبارەت بەو هونەرمەندە بکەی، چونکە وەک ئاگام لێیە لە گۆرانی سەلاح مەجید و حەمەی نێرگز و ئەوانە دەوری هەیە و کلارنێت لێ دەدا.

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، شەوکەت ڕەشید بۆ من باوکێکی ڕۆحیی هونەریم بوو، منیش تا ماوم لە دڵمدا خۆشەویستە و ڕێزی هەیە، ئەویش وەک کوڕی خۆی منی خۆش دەویست.

**ڕامان:** دوای ڕۆیشتنی ئەو، سەلاح ڕەشیدی برای لە تیپەکەتان مایەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، ئەویش هەر پچڕپچڕ دەهات، ئەو پێش شەوکەت ڕەشید کەمتر دەهات، بۆ من شەوکەت ڕەشید گرنگ بوو، ئێستاش زۆر

لەلام گرنگە، مرۆڤێکی پڕ لە هونەر، پڕ لە قسەی خۆش، پڕ لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی بوو، بۆیە فێری پێوەندیی کۆمەڵایەتی، فێری وشەی جوان، فێری زۆر خزمەتی کردین، لەگەڵ ئێمە سەر و دڵی خۆش بوو، هەموو جارێک بەئاشکرا دەیگوت، هەندێک شت لە مۆسیقا هەیە بە کەسی ناڵێم، تەنیا بە نامداری دەڵێم، بڕوات بێ چەندان کەڕەت ئەمەی بە من گوتووە، بەڵام ئێستاش نەمزانی شتەکە چییە.

**ڕامان:** ئەو شتەی بڕیار بوو پێتی بڵێ، تا مردیش هەر نەیدرکاند و پێی نەگوتی؟

**نامدار قەرەداغی:** بۆی نەڕەخسا پێمی بڵێ، منیش نەمگوتووە ئادەی شتەکە چییە؟ خۆ شەوکەت ڕەشید قەت وانەیەکی پێ نەگوتووم، ئەو کلارنێتەی کە لێی دەدا، ئەو تۆماری مۆسیقایەی دەیکرد، ئەو خۆشییەی بە هەمووانی دەبەخشی، ئەو نوکتانەی دەیگێڕانەوە، یان کە بە خۆم و کەمانەکەمەوە لەگەڵ خۆی بۆ ماڵانی دەبردم، دەیگوت تۆش لەگەڵم وەرە.

**ڕامان:** دیارە لە هەندێک شوێن بە باشی زانیوە تۆ لەگەڵ خۆی بەرێ؟

**نامدار قەرەداغی:** زیاتر خۆی دەچوو، هەندێ جار منیش کەمانەکەم دەبرد، لەگەڵ برایم خەیات و عەبەی مەلا و ئەمانەدا وەکوو کوڕێکی خۆی، برایەکی بچووکی خۆی، منی لەگەڵ خۆیدا دەبرد، ئەوەندە منی خۆش دەویست، نازانم چۆن وەسفی بکەم، منیش ئەوەندە خۆشم دەویست مەپرسە، بۆیە تا ماوم قەت لەبیری ناکەم. کەمانم دەبرد و دەچوومە کۆمەڵ دەیگوت نامدار ئەو نۆتەیەمان لەگەڵ عەزف بکە، ئەو کاتە خۆم قۆناغێکی باشم بڕیبوو.

**ڕامان:** ئەگەر هیچیشی فێر نەکردبێت، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی لەگەڵت باش بووە؟




**سلێمانی. شەقامی پیرەمێرد، جەژنی ڕەمەزانی ساڵی ١٩٧٨، لە ڕاستەوە: سالار عومەر، جەلال کۆچەر، حەمەی نێرگز، نامدار قەرەداغی.**

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، هونەرمەندی دی هەیە وا نییە، ئەنوەر قەرەداغی لە ژیانیدا حەرفێکی پێ نەگوتووم، لەو ڕووەوە زۆر کەس گلەیی لێ دەکرد، من پێیان دەڵێم گلەییەکانتان لەسەر حەق نییە، ئەگەر بڵێن هونەرەکەی ئەنوەر قەرەداغی ئەوە نییە، چونکە ئەو یەکێکە لەو هۆکارانەی من حەز لە کەمانچە و مۆسیقا بکەم.

**ڕامان:** پێشتر هونەرمەند (ئەنوەر قەرەداغی)ت دیبوو، لە نزیکەوە دەتناسی؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەو یەکێکە لەوانەی لە تەلەڤزیۆن دیبووم، یان لە شوێنێکدا بە ڕێکەوت ناویم بیستبوو، بە کەمانەکەیەوە بە بەر ماڵی ئێمەدا تێپەڕیوە، کە ناڕاستەوخۆ هۆکارێک بووە بۆ خۆشەویستی من بۆ مۆسیقا، بەبێ ئەوەی خۆی پێ بزانێ، ئەو هۆکار بووە لەوەی دەست بدەمە کەمان و من حەزم لە مۆسیقا بێ.

**ڕامان:** ساڵانی دواتر ئەو هونەرمەندە چەند لە کاری هونەریدا هاندەرت بووە؟

**نامدار قەرەداغی:** کە بوومەتە ئەندامی

تیپێکـی مۆسـیقا، یـان بوومەتـە لێپرسـراوی بەشـی مۆسیقا هانـدەرم بـووە، ئـەو دابەشـکردنی مۆسـیقایەی ئـەو کردوویەتـی، ئـەو ئاوازانـەی داینـاون، بمـەوێ و نەمـەوێ، ناڕاستەوخۆ سـوودم لێیـان وەرگرتـووە.

**ڕامـان:** دووراودووریـش بـێ تـۆ سـوودت لـە هونەرەکـەی وەرگرتـووە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، ئـەو خزمەتـەی، تەنانـەت ئەگـەر خۆشـی نەیویسـتبێ، چونکـە سـوودی هەبـووە، خزمەتـی کـردووە، ئێمـەش دەبـێ سـوودی لـێ وەربگریـن، کێشـەکە ئەوەیـە ئێمـە هەمـوو شـتێک وەک خـۆی هەڵناسـەنگێنین، یـان دەڵـێ لەبـەر ئـەوەی هونەرمەنـد ئەحمـەد سـالار چووەتـە نـاو پەرلەمـان و حزبایەتییـەوە، ئیتـر ئەحمـەد سـالار موهەریجـە و هیـچ لـە شـانۆ و نوانـدن نازانـێ.

**ڕامـان:** دوای چوونی ئەحمەد سالار بۆ پەرلەمان، (حسـێن عارف)یـش چـوو، لەوسـاوە بـە یەکجـاری وازی لـە نووسـین هێنـا، بۆچـی بـۆ ئەو کەس قسـەی نەکـرد؟ ئـەوەی لەسـەر ئەحمـەد سـالار دەگوتـرێ هەمووی بوختـان و ناهەقییـە. ئـەی شـێرکۆ بێکـەس نەچووە پەرلەمانـەوە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** میللەتەکـەی ئێمـە وایـە، لەبـەر ئـەوەی ئـەو شـاعیرە گەورەیـە، چـووە نـاو سیاسـەتەوە و بـووە وەزیـر، کەسـانێکی زۆر کـە خۆشـیان بـە ڕۆشـنبیر دەزانـی، دەیانگـوت ئـەوە کـەی شـاعیرە؟ پێـم دەگوتـن شـێرکۆ بێکـەس کـە بـە شـیعر باسـی پێـڵاوی پێشـمەرگە دەکات، تەنیا ئـەوەی گوتبـێ و هـەر ئـەوەی هەبێـت، شـاعیرە.

**ڕامـان:** زۆر شـاعیر و نووسـەر لـە دنیـادا، لەنـاو حـزب و حکوومەتـدا پلـە و پۆسـتی گەورەیـان هەبووە، لە نووسـەرایەتی و شـاعیرییش نەکەوتوون، لەوانـەش شـاعیری گـەورە ئۆکتاڤیۆبـاز.

**نامـدار قەرەداغـی:** شـێرکۆ بێکـەس و ئەحمـەد سـالار یـەک دنیـا داهێنانیـان کـردووە، کاریگەرییـان لەسـەر کۆمەڵگـە و هونـەردا هەبـووە، ولیـەم یۆحەننـا، ئەنـوەر قەرەداغـی، فرەنسـیس داوود، خالیـد سـەرکار، ئەمانـە ئەگـەر گلەییشـان لەسـەر بـێ، دەبـێ گلەییەکـە لـەو خاڵـە بـێ کـە باسـمان کـرد، بەخراپـە باسـی هونەرەکەیـان، یـان لایەنـە باشـەکانیان نەکەیـن، بـە داخـەوە ئێمـە ڕەخنەگـری ڕووخێنەرمـان زۆرە، ڕەخنەگری بنیاتنەرمـان کەمـە.

**ڕامـان:** ئاخـر ئەوانـە ڕەخنەگـر نیـن، زۆربەیـان قسـە فـڕێ دەدەن، بۆیـە قسـەکانیان جـێ ناگـرن و وەک دووکەڵـی جگـەرە بـە هـەوادا دەڕۆن.

**نامـدار قەرەداغـی:** ئەمانـە هیـچ لـە ڕەخنـە نازانـن، تـۆ باسـی شـارەزاییت کـرد، بەڵـێ ئەوانـەی ناشـارەزان زۆرن، لـە کۆنیشـدا هەبـوون شـتی خراپ و مەترسیداریشـیان بەسـەر هاتـووە، دەتوانـم لـەم ڕووەوە شـتێکی زۆر گشـتی بڵێـم، نامـەوێ شـتی تایبەتـی بڵێـم.

**ڕامـان:** پـێ دەچـێ کەسـانێک ئـەو جـۆرە ڕەخنەیە هان بـدەن؟

**نامـدار قەرەداغـی:** خەڵکانێـک ئاگایـان لێیـە کـە بـە منیـان گوتـووە وەرە ڕووداوەکان و بیروڕاکانـت بـە ڤیدیـۆ، بـە نـاوی خۆتـەوە تۆمـار دەکەیـن، تـا خـۆت دەمـری بـڵاوی ناکەینـەوە، گوتوومـە ئـەو قسـانە ناکـەم کـە ئێـوە پێتـان خۆشـە، چونکـە سـوودی نییـە و ئـاژاوە دەنێتـەوە، لـە کۆنیشـدا ئـەوە هەبـووە.

**ڕامـان:** لـە قۆناغەکانـی کارکردنـی خۆتدا، هەسـتت کـردووە کەسـانی بـە غیـل ڕێگریـت لـێ دەکەن؟

**نامـدار قەرەداغـی:** لـەو ڕۆژگارەی دەسـتم داوەتـە مۆسیقا، لە ئاسـتێکی زۆر گەورەدا بە غالەت هەبووە، ئێسـتاش بـە شـێوازێکی دی هەیـە، ئـەو بەغالەتـەی تـۆ باسـی دەکـەی، یـان ئـەو تێنەگەیشـتنە، یـان

ئـەوەی کـە مـن دەیزانـم، نابـێ کەسـی دیکـە بیزانـێ، یـان بـا هـەر مـن هەبـم و بیزانـم، یـان ئـەوەی کـە خـۆم نایزانـم و ئـەو دەیزانـێ، یـان مـادام مـن نایزانـم، دەبـێ ئەویـش نەیزانـێ و نەیـکا، ئەمـە نـەک هـەر لـە هونـەردا، ئـەو دیاردەیـە لەنـاو کوردەواریـدا زۆر بـەدی دەکـرێ.

**ڕامـان:** بەغالـەت زۆر جـۆری هەیـە، جـاری وا هەیـە مـەرج نییـە ڕاسـتەوخۆ دژایەتیـت بـکا، یـان هیچـت فێـر نـەکا، بـۆ ئـەم بـە غالەتـە نمایـش کـردن زۆرە، فەرامۆشـکردن و پشـتگوێخسـتن و بایەخـی نەدانیـش هەیـە، ئـەوەش بـۆ خـۆی جۆرێکـە لـە بەغالـەت.

**نامدار قەرەداغی:** ئێسـتا بەردەوام شـت ڕوو دەدا، مـن فێرگەیەکـم کردووەتـەوە، ڕەوایـە مامۆسـتایەکی مۆسـیقا کـە خـۆی دەرس دەڵێتـەوە، لـە شـوێنێک فەرمانبـەر و قوتابـی هەیـە، بچـێ بـە زۆر شـێوە بـڵاوی بکاتـەوە و بڵـێ مامۆسـتا نامـدار چییـە، ئـەو بۆیـە قوتابـی زۆرە، چونکـە ناوەکـەی خـۆی لـەو پێنـاوەدا بـەکار دەهێنـێ.

**ڕامـان:** جا ئەوە کوێی عەیبەیە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ئاخـر ئـەوە بەبـێ ئـەوەی پـێ بزانـێ ستایشـی مـن دەکـەی، نازانـێ کـە نـاوی خـۆم بـەکار دەهێنـم، ئـەوە بـەو واتایەیـە کـە مـن شـتێکم و هـەم، یـان هـی دیکـە هـەن بـە منداڵێـک دەڵێـن خەتـەرە مەچـۆرە لای، ئـەو هیـچ نازانـێ، یـان پێـی دەڵێـن پەنجـەت غەڵەتـە، هێشـتا ئەم شـتانە هەیـە، لەولاشـەوە خەڵکانێـک هـەن دەیانـەوێ یارمەتیـم بـدەن و خزمەتـم بکـەن، پێـم دەڵێـن تکایـە چیمـان پـێ دەکـرێ، بـا بۆتـی بکەیـن، لـەم جۆرەشـمان هەیـە.

**ڕامان:** ئـەو تیپـەی ئێـوە لـە بۆنـە نیشـتمانی و نەتەوەییەکانـدا بەشـدار دەبـوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** مەبەسـتت تیپـی کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کوردییـە؟

**ڕامـان:** بەڵـێ، سـەرەتا کـە لەوێ بـووی، مۆڵەتی بـۆ دەرنەچـوو بـوو، بـەڵام پـاش ماوەیەکـی کـەم، یەکسـەر بەڕەسـمی مۆڵەتەکـەی کۆمـەڵ دەرچـوو، ئێـوە مۆڵەتەکەتـان لـە کـوێ وەرگـرت؟

**نامـدار قەرەداغـی:** لـە ڕێـگای وەزارەتی ڕۆشـنبیریی و ڕاگەیاندنـی عێـراق و (ئەمینداریێتیـی گشـتیی ڕۆشـنبیریی و لاوان)ـەوە دەرچـوو، کـە مۆڵەتـی ڕەسـمی دەرچـوو، ئێمـە ئاهەنگمـان گێـڕا.

**ڕامـان:** بـەڵام کـوا ئـەو کاتـە ئەمینداریێتیـی گشـتی ڕۆشـنبیریی و لاوان هەبـوو؟ ئـەو ئەمینداریێتییـە لـە سـاڵی ١٩٧٤ پەیـدا بـوو.

**نامـدار قەرەداغـی:** بـەڵام تیپـی مەولـەوی مۆڵەتەکـەی لـە سـاڵی ١٩٧٨ دەرچـوو، مۆڵەتەکـەی لـە ڕێـگای (ئەمانەتـی گشـتیی ڕۆشـنبیری)ـەوە بـوو، ئیـدی نازانـم ئـەو کاتـە هەبـوو، یـان نـا، بـەڵام کۆمـەڵ کتێبێکیـان دەرکـردووە، لەوێـدا نوسـخەی نووسراوەکەشـی تێدایـە کـە ڕەزامەنـدی لەسـەر دراوە.

**لەڕووی هونەری و تەکنیکییەوە بە تیپی مۆسیقای سلێمانی نەدەگەیشتین.. ئێستاکە ئاسوودەم و دەتوانم بڵێم کاری زۆر چاکمان کردووە.**

**ڕامـان:** دەبـێ بـۆ مۆڵەتـی کۆمـەڵ ئەمانەتـی گشـتی نەبووبـێ، بـەڵام بـۆ مۆڵەتەکـەی تیپـی مەولـەوی ئـەوێ بـوو.

**نامـدار قەرەداغـی:** قوتابییـەک لـە فێرگـە لای خۆمـان بـوو، دواتـر لـە کولێـژی هونـەر، بەشـی مۆسـیقا دەرچووبـوو، توێژینەوەکـەی لەسـەر مـن کـرد، بۆیـە زۆر هـات بۆ لام، زۆر شـتی لێ پرسـیم، دوایـی کردبـووی بـە نامیلکەیەکـی بچـووک.

**ڕامـان:** دوای ئـەوەی مۆڵەتەکەتـان وەرگـرت، تـۆش لـە ئاهەنگەکـەدا بەشـدار بـووی؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بیـرم دێ یەکـەم شـت کـە

ڕێکەوتننامەی یازدەی ئازار بوو، ئێمەش بەشدار بووین، لەوێدا بە ناوی کۆمەڵەوە وێنەیەکمان هەیە.

**ڕامان:** ئەی کەی بوو تەرمی (نەجمەددین مەلا)شتان لەسەر وەسیەتی خۆی بردە گردی سەیوان؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوە دوای ئەوە بوو، یەکەم ئاهەنگمان لە سانەویی سلێمانی گێڕا، پاشان زۆر ئاهەنگمان لە هۆڵی چالاکیی قوتابخانەکان سازکرد.

**ڕامان:** جەماوەری زۆر بۆ ئاهەنگەکەتان هاتبوون؟

**نامدار قەرەداغی:** هۆڵەکە پڕپڕ بوو، لە ئاهەنگەکەدا من تازە چووبوومە ئەوێ، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ چووم، ئێمە لە مانگی ئادار ئاهەنگەکەمان گێڕا، وێنەی ئەو ئاهەنگەم هەیە، وێنەی هەموو ئاهەنگەکانم هەیە، کە من لە سەری ئەوسەری کەمانچەژەنەکانەوە دانیشتووم، ژەنیارەکانی ئەو وێنەیەش چاک دەزانم کێن، سوودی لی وەردەگرین.

**ڕامان:** دوایی ئەو وێنانە بڵاو دەکەینەوە.

**نامدار قەرەداغی:** ئاهەنگمان گێڕا و کەشێکی خۆش و گەرموگوڕمان دروست کرد، یەک ڕۆژ نا، بگرە چەند ڕۆژێک لەسەر یەک ئاهەنگەکە بەردەوام بوو، ئەودەم وا باو بوو، کۆمەڵ شانۆگەرییەکی بکردایە، لەپێشدا ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقای ساز دەکرد، پشوویەکی بچووک وەردەگیرا، خێرا ئێمە لەسەر شانۆ لادەچووین، شانۆکاران دیکۆرێکیان دادەنا و پەردە هەڵدەدرایەوە و دەبوو بە نواندن.

**ڕامان:** لەو شانۆگەریانەی ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقاتان بۆی گێڕاون، کامەیانت لە یاد ماوە؟

**نامدار قەرەداغی:** شانۆگەریی «کێچ»، ئەوانەی دەوریان تێدا بینی تەها خەلیل، نەوزاد مەجید و ڕەئووف یەحیا بوون، زوو زوو ئاهەنگمان دەگێڕا، ڕۆژی جیهانیی منداڵان لە یاریگە کرا، من و شەوکەت ڕەشید و هاڕوون سەنەکەریم و نیان کەمال کە گۆرانی دەڵێ، یەک دنیا کورسی منداڵمان داناوە، ئێمە دەچووینە هەموو شوێنەکان، تەنانەت دەچووینە سەربازگەکانیش ئاهەنگمان ساز دەکرد، لە هەموو بۆنەکاندا بەشدار دەبووین.

**ڕامان:** لەو کاتانەدا چالاکیتان بردە شاری هەولێرەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** چووینە هەولێریش، «کێچ»مان بردە ئەوێ و پێشکەشمان کرد، ئاهەنگی زۆرمان دەگێڕا، بە ڕادەیەکی زۆر کارمان دەکرد، چونکە هەر کەس داوای کردبا دەچووین، ئێمەش گەنج بووین و تیپەکە تازە دروست کرابوو، ئەو کاتە هەر تیپی مۆسیقای سلێمانی هەبوو.

**ڕامان:** ئەگەر ناوی شوێنەکانی دیکەش بڵێی باشە، بۆ کوێی دی چوون؟

**نامدار قەرەداغی:** چووینە پێنجوێن.

**ڕامان:** ئەی نەچوونە هەڵەبجە؟

**نامدار قەرەداغی:** نایەتە خەیاڵم بۆ هەڵەبجە چووبین، بەڵام دوایی وەک تیپی مەولەوی بۆ هەڵەبجە ڕۆیشتین، ڕاستییەکەی مەولەوی و کۆمەڵ هەر یەک تیپە.

**ڕامان:** دیارە زۆر ئاهەنگتان گێڕاوە، هەر لەو سەرەتاییانەوە بیرتان لەوە نەدەکردەوە گۆرانییەکانتان تۆمار بکەن؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، بەڵێ، چۆن، ئەو کارەشمان دەکرد.

**ڕامان:** گۆرانیبێژەکانتان کێ و کێ بوون؟

**نامدار قەرەداغی:** جاری گۆرانبێژەکانمان ئەوەی سەرەتا، نەوزاد و کێ و کێی لێ دەربکە، وەکوو

جەلال کۆچەر و ئەوانە لەلامان نەمان.

**ڕامان:** ئەو نەوزادە کێ بوو، نازناوی، ناوی باوکی چ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ناوی باوکی نازانم، گۆرانیبێژەکانی ئێمە حەمەی نێرگز، عوسمان عەلی، سەلاح مەجید کە تۆزێک دوای ئەوان هات، عوسمان شاربازێڕی، سەلاح ڕەشید بوون، ئیتر دوای ئەوان گۆرانیمان بۆ خەڵکی دیکەش ئامادە کرد، وەک ئاوات فایق چالاک «پەلە مەکە، پەلە مەکە»، ئەحمەد شووشەچی، محەمەد حەسەن، شەماڵ عەبەڕەش کە بۆ تەمسیل گۆرانییەکی تۆمار کرابوو، سەرەتا بۆ نواندن تۆمار کرا، دوایی کە دەقەکە ڕەتکرایەوە، گۆرانییەکەمان لە تەلەڤزیۆن تۆمارکرد و بڵاوکرایەوە.

**ڕامان:** وا بزانم پرتەو عەبدولعەزیزیش لەلای ئێوە بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەوانە ساڵی یەکەمی لێ دەرچێ کە شەوکەت ڕەشید ئامادەکردن و هەموو شتێکی بۆ گۆرانییەکان دەکرد، بەڵام دوای ئەو، کە بووم بە لێپرسراو و بە ئەندامی دەستەی کارگێڕی من دەمکردن، لە دەستەی کارگێڕیش پازدە کەس دەبووین، دووی یەدەگ بوون، لەم دەستەیەدا ئەو هەموو پیاوە گەورەیە هەبوون، نووری وەشتی، ڕەئووف یەحیا، حەمەسدیقی مەحامی، نەوزاد مەجید، تەها خەلیل، کۆمەڵێک لەم هونەرمەندە بەرز و ئەدیبە گەورانە هەبوون.

**ڕامان:** لەناو ئەو گەورە هونەرمەند و نووسەرانە، تەنیا تۆ وەک گەنجێک لە ناویاندا بووی و بە ناوی مۆسیقاوە هەڵبژێردرابووی؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، چونکە مۆسیقا دەنگی پیاوانەیە، وەرە تۆ منداڵێک بیت و لەگەڵ ئەو هەموو پیاوەدا بتوانی کار بکەی و سەرکەوتن بەدەست بێنی، ئیتر دوای ڕۆیشتنی شەوکەت ڕەشید هەر شتێک کراوە، هەموو گۆرانییەکان، هەموو ئامادە و دابەش و تۆمارکردنێک من کردوومە، لە (شەوی بەرات)ی (عوسمان عەلی) یەوە بیگرە، بۆ هەموو گۆرانییەکانی حەمەی نێرگز و سەلاح مەجید.

**ڕامان:** ناوی گۆرانیبێژەکان و گۆرانییەکانیان بڵێ کە تۆ کارت بۆ کردوون.

**نامدار قەرەداغی:** ئەو ناوانە زۆرن، دواتر هەموویت دەدەمێ، ئێستا دەترسم ناوم لەبیر بچێ.

**ڕامان:** زۆر چاکە، مەبەستمە خوێنەران ژمارە و قەبارەی ئیشەکانت بزانێت.

**نامدار قەرەداغی:** لەو کاتەدا تەنیا تیپی مۆسیقای سلێمانی هەبوو، تیپێکی گەنج پەیدا دەبێ، ئیش دەکەن و چالاکییان زۆرە، هەرچەندە ئێمە لە لایەنی هونەری و تەکنیکییەوە بەوان نەدەگەیشتین، بەڵام توانیمان لە زۆر بۆنە و ئاهەنگدا بەشدار بین و ئامادەییمان هەبێ، بەبێ ئەوەی حیسابی دەسکەوت و لایەنی مادديی بکرێ، ئێمە لەوەدا کاری زۆر جوانمان کرد، زۆر گۆرانیمان بۆ تەلەڤزیۆن تۆمار کرد.

**ڕامان:** لە کۆمەڵ خۆتان ستۆدیۆتان هەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** لە کۆمەڵی هونەر و وێژەدا ستۆدیۆمان نەبوو، هەندێک جار لە ژوورێکی کۆمەڵ بە بەتانی دەرگا و پەنجەرەکانمان دەگرت و هەندێک گۆرانیمان تێدا تۆمار دەکرد، هەندێکی دیکەمان لە ستۆدیۆی تیپی مۆسیقای سلێمانیدا تۆمار دەکرد، هەندێکمان لە بەغدا تۆمار دەکرد.

**ڕامان:** کەی بوو یەکەم گۆرانیتان تۆمار کرد؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەو یەکەم گۆرانییە لە ستۆدیۆی کەرکووک تۆمار کرا، ستۆدیۆ بچووکەکەیان، نەک ئەم ستۆدیۆیەی ئێستا دەیبینن، ئەو کاتە ستۆدیۆیەکی زۆر بچووک بوو، تەلەڤزیۆنی کەرکووک

لەسەر ڕێگای بەغدا بوو، بە ڕاستەوخۆ- زیندوو گۆرانییەکمان لەوێ تۆمار کرد، یەکەم گۆرانیمان ئەوە بوو.

**ڕامان:** گۆرانییەکە ناوی چ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** گۆرانییەکە برایم خەیات بە ناوی «لەو ڕۆژەوە دیومە سیحری زەردەخەنەی تۆ»وە گوتی، وابزانم شیعری گۆران و ئاوازی شەوکەت ڕەشید بوو، ئەوە یەکەم کاری تۆمارکراومان بوو، دوایی تەلەڤزیۆنی تەئمیم لە کەرکووک کرایەوە، لە ژوورێکی کۆمەڵ (پەلە مەکە) و کۆمەڵێک گۆرانی ترمان وەک (ڕێبوار و ڕێبوار)ی حەمە نێرگز و کەسانی دیمان بە تۆمارکەرێکی بچووکی ئاسایی تۆمار کرد و بڵاومان کردنەوە، ئەوەبوو زۆر کاری جوانمان کرد، دەتوانم بڵێم سەدان ئاهەنگمان گێڕا.

**ڕامان:** لە ئەو هەموو تۆمارکردنانە کوێت پێ باش بوو کە مواسەفاتەکانی ستۆدیۆیەکی باشی تێدا بێ، وابزانم ستۆدیۆکەی بەغدا لە هەموویان باشتر بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بە ڕای منیش هی بەغدا باشترینیان بوو، دوای ئەوەی بەغدا، ستۆدیۆی تیپی مۆسیقای سلێمانی دێ، ئەوان ئامێری زۆر لەوەی ئێمە باشتریان دەست کەوتبوو، میکسەرێک ئەنوەر قەرەداغی و ئەوان خۆیان بە وایەر و مایەر دروستیان کردبوو، میکسەرێکی هەژارانەیان بۆ خۆیان دروست کردبوو.

**ڕامان:** هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی لەو جۆرە کارانە کەسێکی زۆر بەسەلیقەیە، لە کڕینی ئامێری تۆمارکردن و دەنگ و هێنانی تۆمارکەر و میکسەر و ئەو شتانە، ئاگام لێ بوو زۆر جار دەچوو لە (ئەجهیزەی دەقیقە) کارمەندەکانی ڕادەسپارد بۆی دابنێن، ئەوانیش بۆیان دادەنا و لەو جۆرە ئامێرانەی لەوێ دەکڕی.

**نامدار قەرەداغی:** زۆر زۆر زیرەکانە ئیشی دەکرد، خۆی هەندێ شتی دروست دەکرد، هەر لە مۆسیقا زیرەک نەبوو، لەو ئیشانەش ورد و زیرەک بوو، چەند گۆرانییەکمان لەلای ئەوان تۆمار کرد، بەو دۆخە شەقوشڕەوە، لە ساڵی ١٩٧٤ لە میهرەجانی هونەری کوردیدا بەشدار بووین.

**ڕامان:** پێش ئەوەی بچینە سەر میهرەجانەکەی ساڵی ١٩٧٤، تۆ کە ئاوازێکت داناوە، ئیشێکت ئامادە کردووە، خۆت گۆرانیبێژەکەت هەڵدەبژارد، یان ئەوان داوایان لێ دەکردی و دەیانگوت ئەو ئیشەمان بۆ بکە؟

**نامدار قەرەداغی:** جاران وەک ئێستا نەبوو، هەموو تیپەکان و ئێمە سەرۆکمان هەبوو، لیژنەی هونەریمان هەبوو، فلتەرمان هەبوو، هەر گۆرانیبێژێک بهاتبایە لامان، یان هەچ گۆرانییەک بیویستایە لە کۆنسێرتدا پێشکەش بکرێ، یان لە ستۆدیۆیەکدا بۆی تۆمار بکرێ، دەبووایە بەو فلتەرەدا بڕۆیشتبایە، زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی ئەو لیژنەیەش مۆسیقازانەکان بوون.

**ڕامان:** بە ڕای تۆ ئەو لیژنەیە، یان وەک تۆ دەڵێی ئەو فلتەرە هونەرییە هیچ خاتری کەسی گرتووە، یان بە ئینساف و بە ویژدانەوە ئیشەکانیان ڕایی کردووە؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوەندەی من ئاگام لێی بێ، لە تیپی ئێمەدا دەتوانم بڵێم خاتری کەس نەگیراوە، لەوەی خۆمان بترازێ، ناتوانم بڕیار لەسەر ئەوانی دی بدەم.

**ڕامان:** منیش باسی ئەو ئیشانەی ئێوە دەکەم.

**نامدار قەرەداغی:** لە ئیشی خۆماندا کە من سەرۆکی بەشی مۆسیقا و سەرۆکی لیژنەکەش بووم، بە هیچ جۆرێک شتێکی وام بە خەیاڵدا

نایەت ئێمە کاری وەهامان کردبێ.

**رامان:** تۆ وەک ئەندامی ئەو لیژنەیە، هەست ناکەی خاتری کەستان گرتبێ؟

**نامدار قەرەداغی:** من وەک سەرۆکی لیژنەکە، سەرۆکی بەشی مۆسیقا و سەرۆکی لیژنە هونەرییەکەش بووم، بڕیاری سەرۆکایەتیم هەبووە.

**رامان:** بۆ یەکلاکردنەوە و پەسەندکردنی گۆرانییەک گفتوگۆتان لەگەڵ یەکتر دەکرد؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، لیژنەیەک بوو لە مۆسیقاژەنەکان پێکهاتبوو، جاربەجار گۆرانیبێژێکی تێکەوتووە، بەڵام مۆسیقاژەنەکان و گۆرانیبێژەکانی ئێمە خۆڕسک بوون، نە لە نۆتەیان زانیوە، نە لە ئاواز و قوڕگ و شتی وایان دەزانی، خۆڕسکانە ئاوازەکانیان داناوە، ئاواز بۆ لای من هاتووە، بۆ نموونە گۆرانی «خەو»، یان «بۆ بێ لەو چاوە کاڵانە»، کە حەمەی نێرگز هێناویەتی، دەیان کەڕەت گفتوگۆم لەگەڵ کردووە، مۆسیقام بۆ داناوە، گۆرانییەکە برازێنەوە، قوڕگت وا لێ بکە، ئەوەی بە من کرابێ، کردوومە.

**رامان:** تۆ دڵنیای ئەو لیژنە هونەرییەی ئێوە، سۆزی برادەرایەتی و خاتر و خۆتری تێدا نەبووە؟

**نامدار قەرەداغی:** من وەک خۆم لە سەرەتای دەستپێکردنەوە تا ئەم دەقەیە لای من لایەنە کۆمەڵایەتییەکە، خۆشەویستییەکە گرینگییەکەی لە کارەکانی تر کەمتر نەبووە، ئێستاش لە فێرگە هەر ئەوە پەیڕەو دەکەین، لایەنی پەروەردەیی و خۆشەویستییەکە، مرۆڤ بوونەکە زۆر زۆر گرنگە، ئیشکردن لەلای ئێمە قەت دەستەگەری تێدا نەبووە، کە بەداخەوە زۆر و کەم لە فێرگەکانی دیکەدا هەبووە، لەلای هەندێکیاندا زۆر زیاتر و زەقتر بووە.

**رامان:** ئەوە لیژنە هونەرییەکەتان، ئەی لیژنەی دەق، یان شیعرتان هەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ئێمە لیژنەی تایبەت بە دەقمان نەبووە، بەڵام ڕاوێژمان بە کەسانی دی کردووە، شاعیرمان هەبووە، ئەگەر گرفتێکمان هەبووبێ، ڕاوێژمان بە شارەزایان کردووە، خۆمان بۆ لایان گەڕاوینەتەوە، شیعرێک خۆمان نەمانزانیبێ، چووین پرسیارمان کردووە، نەوەک لە شیعرەکەدا هەڵەیەک بکەین، یان وشەیەک بە هەڵە بەکار بێنین.

**رامان:** زیاتر لەگەڵ کێ ڕاوێژتان کردووە؟

**نامدار قەرەداغی:** هەر کێمان دەست کەوتبێ، لەوانە (شێخ ڕەئووف بەرزنجی)یەکی شاعیر هەبوو، ئێمە ڕاوێژمان پێ دەکرد، هەر ئەدیبێکمان دەست بکەوتبایە، ڕاوێژمان پێ دەکرد، خۆمان خوێندەوار بووین، خوێندنەوە و بەدواداچوونمان دەکرد، سەیری کتێبمان دەکرد، سەیری کتێبی فۆلکلۆرمان دەکرد، یان ئەگەر بمانزانیبا کەسانێک بەحاڵ لە ئێمە باشترن و دەستمان دەگرن، داوای هاوکاریمان لێ دەکردن. حەمەی نێرگز خوێندەوارێکی باش بوو، (ڕەئووف حەسەن)مان هەبوو، خەڵکمان زۆر دەناسی.

**رامان:** ئەدیبەکانی سلێمانی هاتوچۆی ئێوەیان دەکرد، سەردانی کۆمەڵی هونەر و وێژەیان دەکرد؟

**نامدار قەرەداغی:** کۆمەڵ بۆخۆی ناوەکەی هونەر و وێژە بوو.

**رامان:** بۆ لایەنی وێژەکە، لەوانەی لەلاتان ئەندام بوون و وەک نووسەر ناوبانگیان هەبوو جیهان عومەر و ئەمینی میرزا کەریم بوون.

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەوانە لە سەرەتاوە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ئێمە بوون، من منداڵێک بووم، لەگەڵ ئەم کەسانە پەروەردە بووم.

**ڕامـان:** ئـەی تاقیکردنـەوەی دەنـگ و قـوڕگ و چڕین، ئەوانـەی هاتـوون بـۆ لاتـان گۆرانـی بڵێـن، ئەوانـەش هـەر هەمـان لیژنـە تاقیـی دەکردنـەوە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، هـەر یـەک لیژنـەی هونەریمـان هەبـوو، کـە هەمـوو ئـەو کارانـەی دەکـرد، یەکێـک بهاتبایـە ببـێ بـە گۆرانیبێـژ، دەنگمـان تاقـی دەکـردەوە، تـا شـەش مانـگ، سـاڵێک نەدەبـوو بـە ئەنـدام. ئێمـە نـەک هـەر دەنگەکـە، زیاتـر ڕەوشـتەکەمان بـەلاوە زۆر زۆر گرنـگ بـوو، لەژێـر چاودێریـی ئێمـەدا دەبـوون، یەکسـەر نەدەبوون بـە ئەندام، پـاش ئـەو ماوەیە بەڕەسمی دەبوون بـە ئەندام، ئـەو کاتـە حەقـی هەمـوو شـتێکی هەبـوو.

**ڕامـان:** لای ئێـوە ڕێکەوتـووە کەسانێک هاتبنـە لاتـان کـە هـەر لـە دوورەوە ناسیبێتانن و کارتـان بۆیـان کردبـێ؟

**نامـدار قەرەداغـی:** هەبـووە دەنگـی زۆر چـاک بـووە، هێشـتا نەبـووە بـە ئەنـدام، گۆرانیمـان بـۆ تۆمـار کـردووە، ئـەوەش پێچەوانـەی یاسـا و ڕێسـاکانمان نەبـووە، بـەڵام زانیومانـە ئـەو کەسـە دەهێنـێ، گۆرانیبێژێک بە شـەش ئـاوازی نوێوە دێ، گۆرانیبێـژی دیکـە دێ، تەنیا هـەر گۆرانـی فۆلکلـۆر دەڵێتـەوە، هێشتا دەنگـی تۆزێکـی مـاوە، پێویسـتی بـە ڕاهێنانـە، لـە هەمـوو جۆرێکمـان هەبـووە، هەوڵمـان داوە ئـەم لیژنەیـە زۆر دادپـەروەر بیـن، حەزمـان کـردووە خەڵـک بـۆ لامـان بێـن، چونکـە ئێمـە ئاسـتی هونەریمـان لـە سـەرووی خۆمـان لاوازتـر بووە، کە ئـەو ئاستە لـە (تیپـی مۆسیقای سـلێمانی)دا بـووە.

**ڕامـان:** ئـەی کێبڕکـێ و مونافەسـەتان لەگـەڵ تیپەکانـی تـر چۆن بوون، مونافەسـەی ئـەوەی کە باشـتر لـەوان ئیش بکـەن، جـۆری ئیشـەکانتان لـە هـی ئـەوان بەرزتـر بـێ، بۆ نموونـە ئـەو کێبەرکێیە لەگـەڵ تیپـی مۆسـیقای سلێمانی چۆن بـوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** حەزمـان کـردووە لـە تیپەکانی دی باشـتر بیـن، بـەڵام نەمانتوانیـوە شـان لە شـانی تیپـی مۆسـیقای سلێمانی بدەین.

**ڕامان:** ئەی هاوکاریی لە نێوانتاندا هەبووە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، بـۆ نموونـە ئێمـە چوویـن لـە تیپـی مۆسـیقای سـلێمانی چەنـد گۆرانییەکەمـان تۆمـار کـرد، ڕەزامەندییـان نیشـان دا کـە لەلایـان تۆماریـان بکەیـن، لـەوێ ئەنـوەر قەرەداغـی خـۆی هاتـووە بـۆی تۆمـار کردوویـن، هەندێـک جـار خۆشـی لەگەڵمانـدا ئامێـری ژەنیـوە، ئەمـە هاوکارییەکـی گرنگـە، شـتی تریـش هەیـە کە ناخۆشـن، ئیتـر ئەمـەش هەیـە و ئـەوەش هەیـە.

**ڕامـان:** واتـە لـە پـاڵ ئـەو هـاوکاری کردنـەی یەکتـر، دژایەتـی یەکتریـش هەبـووە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان ئـەوەش هەبـووە.

**ڕامـان:** ئێـوە لـە کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کـوردی بەشـی شـانۆ و شـێوەکاریتان هەبـووە، م. عەلـی جـۆڵا سـەروکاری بەشـی شـێوەکاریی کـردووە، لـەولاوە تەهـا خەلیـل و نـەوزاد مەجید و شـانۆکارانی دی ئیشـی شـانۆ و درامایـان کـردووە، چۆن ئـەو بەشانە سـوودیان لـە یەکتـر وەرگرتووە، پێوەندیتـان لەگـەڵ یەکتـر چـۆن بـووە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ئێمـە یـەک کۆمـەڵ بوویـن، هەموومـان یـەک بوویـن، ئەمـە ژووری مۆسـیقا بـووە، ئەمـەش ژووری نوانـدن بـووە، ئەمـە مـن بـووم، ئـەوە تەهـا خەلیـل و نـەوزاد مەجیـد بـووە، لـە حەوشـەکەدا پێکـەوە بوویـن، پێکـەوە کارمـان دەکـرد، ئـەو کاتـەش وا بـاو بـوو کـە لـە پێشـەوە مۆسـیقا و گۆرانـی پێشـکەش دەکـرا، پـاش ئـەوە نوانـدن دەسـتی پێدەکـرد.

**ڕامـان:** ئەوەنـدەی لێـی تـێ گەیشـتووم تیپـی

مۆسیقا و گۆرانی کە کۆمەڵێک گۆرانییان پێشکەش کردووە، بۆ سەرنج ڕاکێشان و تەشویقکردنی بینەرانی شانۆییەکە بووە، بۆ ئەوەی لە هۆڵەکەدا بمێننەوە و سەیری شانۆگەرییەکە بکەن.

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، بۆ خەڵکڕاکێشان بووە، چونکە ئەو کاتە کەمتر بۆ بینینی تەمسیل دەهاتن، بەڵام بەهۆی مۆسیقا و گۆرانییەوە زیاتر ڕاتدەکیشان، یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە، مۆسیقا بۆ خۆیشی هونەرێکی گرنگە، مۆسیقا بۆ ڕاکێشانی خەڵک، دەوری خۆی هەبووە، زیاتر لە تەمسیل خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، ئەوە یەکێک لە هۆکارەکان بوو، بۆیە مۆسیقا پێشکەش دەکرا، دواتر نۆرەی تەمسیل دەهات.

**ڕامان:** بەپێی زانیاری خۆت ئەو نەریتە تا کەی بەردەوام بوو؟ سەرەتا گۆرانی و مۆسیقا، ئەوجا تەمسیل پێشکەش کرابێ؟

**نامدار قەرەداغی:** ماوەیەکی زۆری نەخایاند، دوای ئەو ماوەیە بەبێ مۆسیقا تەمسیل دەکرا، بەڵام ئەوەش ساڵانێکی خایاند، ئیتر وردە وردە وای لێ هات تەمسیلیش برەوی باشی پەیدا کرد و پێویستی بەوە نەما، ئەوەبوو مۆسیقا بەجیا ئیشی خۆی، نواندنیش بەجیا ئیشی خۆی دەکرد، تا وای لێ هات لە یەک جیا بووینەوە، هەرچەند لەگەڵ یەکدا خۆشەویست بووین، ڕێزی زۆر لەگەڵ یەکدا هەبوو، ئێمە زۆر هاوڕێی نەوزاد مەجید و عەلی جۆلا بووین و بەردەوام پێکەوە بووین و لە یەک ئیدارەدا کارمان دەکرد، حەمەسدیقی محامی و تەها بابان وەک دوو نووسەر و یاساناس لەگەڵمان بوون.

**ڕامان:** کە لە کۆمەڵ جودا بوونەوە پێوەندیتان لەگەڵیان بەردەوام بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ئێمە کە لە کۆمەڵ جیا بووینەوە، تەها بابان هات بە پەیڕەو و پرۆگرامەکەماندا چووەوە تا بزانێ ئەگەر کەموکووڕییەکی تێدایە چاکی بکات، زۆر تێکەڵ بە یەک بووین، بە لە یەکتر تێگەیشتن، چۆن تیپی مۆسیقای سلێمانی و تیپی نواندنی سلێمانی کە سەرەتا پێکەوە بوون، تۆزێک جیاوازی بیرکردنەوەی جیاواز لەنێوانیان هەبوو، بە لەیەکتر تێگەیشتن، لەبەر ئەوەی پێیان باشتر بوو لە یەکدی جیا ببنەوە، ئێمەش بە هەمان شێوە لەیەکتر جیابووینەوە.

**ڕامان:** جیابوونەوەکەتان لەبەر نەبوونی زمانی هاوبەش و لە یەکتر تێنەگەیشتن بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** من تەنیا کەسێک بووم لەو ئیدارەیەدا، ئاخر چواردە کەسی دیکەشی تێدابوو، ئەو چواردە کەسەی دیکە جۆرێکی دی بیر لە مۆسیقا دەکەنەوە، ئەوان جۆرێکی دیکە خەرجییەکانی مۆسیقا و تێکستەکانی تێدەگەن، بۆیە بڕیارمان دا لێیان جیا ببینەوە، ئەوە هۆکاری سەرەکی جیابوونەوەکەمان بوو، ئەگینا من ئێستاش کۆمەڵ بە یەکەم قوتابخانەی خۆم دەزانم.

**ڕامان:** ئەوە هەر بە ڕێکەوت بوو، نەچوویت بۆ تیپی مۆسیقای سلێمانی و لە کۆمەڵ گیرسایتەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** بە ڕێکەوت نەبوو، من ئەو بوێری و زاتەم نەبوو خۆم بکەم بە تیپی مۆسیقای سلێمانی و بڵێم وەرمگرن.

**ڕامان:** ئەی سەلاح ڕەئووف چۆن چووە ئەوێ، بوێری هەبوو، یان هەر ئەوە بوو کە ئەنوەر قەرەداغی بردی؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەو هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی بردی، چونکە وەک وتم چەند کەڕەتێک هاتە لامان و وانەی مۆسیقای پێ گوتین.

**ڕامان:** پرسیار ئەوەیە: بۆچی ئەوی برد، بۆ

تۆی نەبرد؟

**نامـدار قەرەداغـی:** لـەوە دەچـێ زیاتـر ئـەوی بـەدڵ بووبـێ، تەمەنـی ئـەو زیاتـر بـوو، بەتـەواوی هۆکارەکـەی نازانـم، مەگـەر لـە خـۆی بپرسـی، بـەڵام دەپرسم ئایا سـەڵاح ڕەئـووف خـۆی داوای لـێ کـرد بڕواتـە ئـەوێ؟ مـن داوام لـێ نەکـرد، لەوانەیـە ئـەوی بـەدڵ بووبـێ، ئەوەیان ئیشـی مـن نییـە، خۆشـم ئەوکاتـە گەنجێکـی شـەرمن بـووم، ئـەوە زۆر گرنگـە کـە بوێریـم هەبـوو خـۆم بکـەم بـە (کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کـوردی)دا کـە کراوەتـەوە و هێشـتا نیـن.

**ڕامـان:** شـەرم چـۆن ماڵـی ئینسـان وێـران دەکا و بـە هۆیـەوە مافخـوراو دەبـێ.

**نامـدار قەرەداغـی:** تیپـی سـلێمانی زۆر گـەورە بـوون، ئێسـتاش گـەورەن و ڕێـزی زۆرم بۆیـان هەیـە، بـا لێیـان ون نەکەیـن، ئـەوان گەورەتریـن خزمەتیـان کـردووە و بـۆ هـەر چوارپارچـەی کوردسـتان گەورەتریـن خزمـەت دەکـەن، بۆیـە هۆکارەکـەی دەبـێ هـەر ئـەوە بـێ، ئـەوە بـوو تـا ١٩٧٧ لـە کۆمـەڵ مابینـەوە، دوای نسـکۆ زۆر چالاکیمـان کـرد.

**ڕامـان:** مەبەسـتت سـاڵی ١٩٧٥ تـا ١٩٧٧ی دوای نسکۆکەیە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، دوای نسـکۆکە بـوو، چونکـە مـن لـە دەرەوە بـووم، بـە نەخۆشـی گەڕامـەوە نـاو شـار، بینیـم کۆمـەڵ داخـراوە و کلیلـی لـێ دراوە.

**ڕامـان:** هـەر ئـەو ساڵە بـوو کـە هەرچـی یەکێتـی و سـەندیکا و کۆمەڵەیەکی هەبوون چالاکییەکانیـان وەستابوو.

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، هیـچ چالاکییەکـی هونـەری لـە سـلێمانی نەبـوو.

**ڕامان:** گوتـت تـۆ لـە دەرەوە، لـە ناو پێشـمەرگە بووی؟

**نامـدار قەرەداغـی:** کـە بۆردومانەکـەی قـەڵادزێ بـوو، مـن وەک مامۆسـتا لـە قەڵادزێ بـووم، یەکەم دامەزرانـم لـەوێ بـوو، کە دامەزرام گوتیان سـاڵێک لـەوێ بـە، دوایـی دەتهێنینـەوە ناوشـار، لەبـەر ئـەوەی مـن لێپرسـراوی بەشـی مۆسـیقای کۆمـەڵ بـووم، بەهـۆی مۆسـیقاوە گوتیـان دەتهێنینـەوە، بـەڵام سـاڵێک لـە قـەڵادزێ بـووم، لـە ناوەڕاسـتی سـاڵی خوێندنـی ١٩٧٣- ١٩٧٤ یەکـەم دامەزراندنم ئـەوێ بـوو، لـەوێ بەهـۆی بۆردومانەکـەوە هـەردوو گوێچکـەم زەرەریـان پێگەیشـت.

**ڕامان:** ئێستا گوێچکەکانت چۆنن، چاک نەبوون؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ڕاپۆرتـی پزیشـکیی هۆڵەنـدام هەیـە، کـە هـەردوو گوێچکەم، بەشـی ناوەڕاسـتیان مـردووە، بـە دەنگـی بـەرزی گـەورە نەبـێ، ئـەم گوێچکانـە وایـان لـێ نایـەت، ئەمـەش بەهـۆی ئـەو ناپاڵمانـەوە بـوو کـە لـە قـەڵادزێ بەریـان دایـەوە، ئیتـر بـە ڕێکـەوت نەمـردم، لـەدوای بۆردومانەکـە زۆر مـردووم دی، ماوەیەکـی زۆر لـەوێ ماینـەوە و چووینـە سـنووری ئێـران.

**ڕامان:** کەواتە کە سـاڵی ١٩٧٤ شـەڕ هەڵگیرساوەتەوە وەزیفەکـەت لـە قـەڵادزێ بـووە، خـۆت پێوەندیـت بـە شاخەوە نەکردووە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، وەزیفەکـەم لـەوێ بـوو.

**ڕامـان:** ئـەو کاتـە مووچەکـەت لـە سـلێمانی بـوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** سـاڵی ١٩٧٤ مووچەکـەم لـە سـلێمانی بـوو، تـا بۆردومانەکـە لـە ١٩٧٤/٤/٢٤، دوای ئـەوە مووچـە نەمـا، ئیـدی پێوەندیمـان بـە (سـلێمانی)یەوە نەمـا، منیـش لەگـەڵ هاوڕێکانـم چوویـن بـۆ شـێنێ لـە سـنووری ئێـران، کەپرێکمان دروسـت کـرد و ماوەیـەک ماینـەوە، بـەڵام لـەوێ

زۆر بە خراپی نەخۆش کەوتم، بە هاوڕێیەکماندا کە ئەویش لەگەڵمان مامۆستا بوو، ئەوەیان نیازی بوو بگەڕێتەوە سلێمانی، داوایان لێ کرد لەگەڵ خۆی بمباتەوە.

**ڕامان:** ئەو نەخۆشییەت هەر لە ساڵی ١٩٧٤ تووش بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، دوای بۆردومانەکە بە چەند مانگێک بوو، واتە هەر ساڵی ١٩٧٤ دەکات.

**ڕامان:** ئەوجا بۆ چارەسەر لەگەڵ ئەو هاوڕێیەت هاتیتەوە سلێمانی؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، کۆمەڵێک برادەرین کەپرێکمان دروست کردووە و دانیشتووین، نەخۆش کەوتم و هاتمەوە سلێمانی، بەڵام پارەم پێ نییە.

**ڕامان:** چۆن بوو بۆ چارەسەر نەچوویتە ئێران؟

**نامدار قەرەداغی:** بۆ چارەسەر نەچوومە ئێران، منیان هێنایەوە سلێمانی، ئەو برادەرەی منی هێنایەوە (ئەنوەر)ی ناوە، بارگیرێکیان بۆ گرتبووم، کە من بەلایەکدا لار دەبوومەوە، ئەو لە تەنیشتمەوە ڕاستی دەکردمەوە، ئەوەندە نەخۆش بووم، لاکەم دەهات، هاتمەوە دوا ڕۆژی لێبوردنەکە بوو گەیشتمەوە سلێمانی، کە چووم لە دەرگای ماڵەوەم دا، سەیرم کرد کەس لە ماڵێ نییە، دەرودراوسێ گوتیان ماڵی ئێوە لێرە نەماون، چوونەتە گەڕەکێکی دیکە.

**ڕامان:** چۆن ماڵەکەی خۆتانت دۆزییەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** بە حاڵێکی زۆر خراپ گەڕەکەکەم دۆزییەوە، ئەوە زۆر زۆر نەخۆشم، لە ڕاڕەوەکەدا خۆم دا بە عەرزدا، گوتیان ئەمڕۆ دوا ڕۆژی لێبوردنەکەیە، ئەمڕۆ نەچی دەستبەکاربوونەکەت بنووسی، ئیدی حسابی تێکدەر- موخەڕیبت بۆ دەکرێ، هەرچۆنێک بێ چووم بۆ پەروەردەی سلێمانی، غەفوور ئەفەندی بەڕێوەبەر بوو.

**ڕامان:** غەفوور کێ، ناوی باوکی چییە؟

**نامدار قەرەداغی:** غەفوور مەلا عەلی، ئیتر عەریزەیان بۆ نووسیم و چوومە ژوورەوە، بەڕێوەبەر بانگی کردم، پێی گوتم بۆچی لە دواساتەکان دێنەوە، زۆر تووڕە بوو، من وا خەریکە دەمرم، پێم پێوە نەمابوو، دەی دوا ساتە، بەڵام خۆ ماوەیەکی کەمیش بێ ماوە، ئەگەر نیو سەعاتیش بێ خۆ کات ماوە، دە ئیمزای داواکەم بکە و بمدەرەوە، ئەم تووڕەییەی بۆ چییە، نەخۆشم و هاتوومەتەوە. ئەی ئەمڕۆ دوا ڕۆژی لێبوردن نییە؟ دە ئیمزای بکە، بۆچی تووڕەی، تێناگەم، ئەوە بوو بۆ قوتابخانەی مەولانا خالید بۆی نووسیم، لەوێ دەستبەکار بووم.

**ڕامان:** دوای پشوودان، نەتزانی کۆمەڵ ماوە، یان نەماوە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، دەبینم کۆمەڵ نەماوە، هونەر نەماوە، دەی چ بکەین و چۆن ئیش بکەین؟ کەموکووڕی هەیە، کوردایەتی لە دڵماندا گڕی گرتووە، سەیرمان کرد بەڕێوەبەرایەتیی (شەباب) هەیە، بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی جەماوەر- مديرية الثقافة الجماهيرية هەیە، کەمال بەڕێوەبەری شەباب بوو، لەگەڵ مامۆستا سەلاح محەمەد عەلی کە بەڕێوەبەری یاریگاکەی سلێمانی بوو، ئێمە قسەمان لەگەڵ کردن، سەیر دەکەین ئەوانە هەستی کوردایەتییان زۆرە.

**ڕامان:** کەمال کە بەڕێوەبەری (شەباب)ی سلێمانی بوو، باوکی ناوی چ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** کەمال سالح، پیاوێکی بەناوبانگە.

**ڕامان:** ئەمە بەڕێوەبەری شەباب بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڕێوەبەری شەباب بوو، دوایی بوو بە بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری.

**ڕامان:** ئەوە لە ساڵی ١٩٧٥ بوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، سـالاری براشـم هـەر لەنـاو شـار بـوو، لـە مـاڵ نەدەچـووە دەرەوە، بیرمـان کـردەوە و پرسـیمان ئێمـە چـی بکەیـن، بڕیارمـان دا هـەر لـە ڕێگای (شەباب)ـەوە ئیش بکەیـن، چووم لەگـەڵ کەمال ساڵح قسـەم کـرد، ئـەوان خۆیـان هیـچ چالاکییەکیـان نەبـوو، لەگـەڵ سـەلاح محەمـەد عەلـی و کەمـال سـاڵح ڕێـک کەوتیـن بچیـن لەگەڵیـان ئیـش بکەیـن.

**ڕامـان:** سەلاح محەمـەد عەلـی حەکەمـی دەولـی بـوو، بـە ڕووداوی هاتوچـۆ لـە ڕێگـەی بەغـدا لـە نزیـک دێلتـاوا (خالـص) مـرد.

**نامـدار قەرەداغـی:** ئـەو پیـاوە کەسـێکی گرنـگ بـوو، (کەمال)یـش سـەرەتا بەعسـی نەبـوو، لـە دواییـدا بـوو بـە بەعسـی، هـاوڕێ و ناسـیاوێکی نزیکـی وەزیـری سـەقافە و جەماهیـر بـوو، لـە بەغـدا ئـەو وەزیـرە کـێ بـوو، وابزانـم نەعیـم حـەدداد بـوو.

**ڕامـان:** ئاخـر وەزیـری سـەقافە و جەماهیـر نەبـووە، وەزیـری ڕۆشـنبیریی و ڕاگەیاندن هەبووە.

**نامـدار قەرەداغـی:** ڕاسـتە، وەزیـری سـەقافە و ئیعـلام.

**ڕامان:** شاعیرەکە ناوی شەفیق کەمالی بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** عەرەبێک بوو.

**ڕامـان:** ئاخـر ئەویـش عەرەبـە، نـاوی شـەفیق کەمالـی بـوو.

**نامـدار قەرەداغـی:** ناوەکەیـم لـە خەیاڵـە، نەعیـم حـەدداد بـوو، لەگـەڵ کەمـال وەکـوو بـرا وابـوون.

**ڕامان:** شـەفیق کەمالی، سـاڵانێک وەزیری ڕۆشـنبیریی و ڕاگەیانـدن بـوو، دوایی لە سێدارەیان دا.

**نامدار قەرەداغی:** نا، ئەوە نەبوو.

**ڕامـان:** دوای ماوەیـەک محەمـەد جەمیل شـەلەش کـە شـاعیر بـوو، وەک بریـکاری وەزیـر ماوەیەکـی کـورت دەسـتبەکار بـوو، دوای ئـەو لەتیف نسـەیف جاسـم هات.

**نامـدار قەرەداغـی:** دواتـر ناوەکـەی دەدۆزینـەوە، هەندێـک دەیانویسـت لـە کەمـال سـاڵح بـدەن و لاییـەن، لـە سـلێمانی ماڵـی ئەوانیـان دەناسـی، لێـی دەترسـان و دەرەقەتـی نەدەهاتـن، بـەڵام کـە نەعیـم حـەدداد نەمـا، ئیتـر بـوو بـە بەعسـی، دەنـا لەوەپێش بەعسـی نەبـوو، کۆمەڵێک لەگەڵـم هاتـن لـە (شـەباب) ئیشیان کـرد، خۆیان ژەنیار و خەڵکـی وایـان تێدا بـوو، زۆر لەوانـەی کۆمەڵـم کـۆ کـردەوە، پێمگوتـن وەرن بچیـن لـەوێ ئیـش بکەیـن.

**ڕامـان:** کۆکردنـەوەی ئـەو ئەندامانـەی کۆمـەڵ لـە چ سـاڵێک بـوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** پـاش سـاڵی ١٩٧٤، واتـە سـاڵی ١٩٧٥ بـوو، ئەوانـەم کـۆ کـردەوە و پێـم گوتـن لـەوێ ئیـش دەکەیـن. دەسـتمان پێکـرد، خولـم کـردەوە، وانـەی مۆسـیقا بـە خەڵـک بڵـێ و دەرس وەرگـرە، لـە یاریگەکـە کـە سـەلاح محەمـەد عەلـی بەڕێوەبـەری بـوو بـە نۆتـە وانـەم دەگوتەوە، زۆر چالاکیمـان کـرد، گوتیـان لـە هەولێـر لەسـەر ئاسـتی هەمـوو عێـراق میهرەجانـی شـەباب هەیـە، بـە جلـی کوردییـەوە چوویـن، باوەڕت بێ سـروودی وامـان گـوت، جەماوەرەکـە دەترسـا، ئـەو سـاڵە بـە جلـی کوردییـەوە دابەزیـن، زۆر لـەم ئیشـانەمان کـردووە.

**ڕامان:** ناوی ئەو سروودانەت لەبیر ماون؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، سالاری برام «تـرووسـکەی هیـوا»ی پێشـکەش کـرد، ئـەم سـروودە ڕێکوڕاسـت باسـی نسـکۆکە دەکات، کـە دەبـێ هیوامـان نەبڕیـن، ئـاوازم لەسـەر ئـەو شـیعرە دانـا، شـیعرەکە دەڵـێ پێویسـتە هیوابـڕاو نەبـن، کۆڵنـەدان و تێکۆشـان وەک ئەسـتێرەیەکی پڕشـنگدار بـە ئاسـمانەوە سەرمەشـق

بێ، تا تاریکیی شەوەزەنگ زیاد بکات، ئەم ئەستێرەیە زیاتر دەدرەوشێتەوە، ئەوەمان کرد بە ئاوازێک و پێشکەشمان کرد، نواندنێک لە چالاکیی قوتابخانەکان کرا ناوی «ترووسکەی هیوا» بوو، ئەوەمان پێشکەشمان کرد، بە کوردی و بە کورتی (شەباب) و ڕۆشنبیریی جەماوەرمان بەکار هێنا، ئەوەی ئەو کاتانە کردوومانە ناتوانی لە کتێبێکدا بینووسی، لەوانەیە بەڕێوەبەری شەباب خۆی نەیەوێ، نەشیڵێم باشترە، شتی عەجاییبمان کردووە.

**ڕامان:** وەک دیارە بەڕێوەبەرەکە هاوکارتان بووە لەوەی ئیشی کوردانەی باش بکەن؟

**نامدار قەرەداغی:** دڵشاد مەریوانی هاوکارێکی باشمان بوو، ئێستا ئاسوودەم و دەتوانم بڵێم شتی چاکمان کردووە، لە کاتێکدا دوای نسکۆ بوو، بەعس ئەوپەڕی دەسەڵاتی هەبوو.

**ڕامان:** کە دەڵێی هاوکارێکی باش بوو، هاوکارییەکەی لە ڕووی شیعرەوە بووە، شیعری پێتان داوە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، شیعری پێمان داوە، جارێکیان شیعری لە قوتابخانەی تەتبیقات خوێندەوە، کە لە پشتی سجنی کۆن، لای پارکی (دایک)ی ئێستا بوو.

**ڕامان:** شیعرەکانی دەکرانە گۆرانی و بۆ گۆرانی دەشیان؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، شیعرێکی ئەوم کردووە بە گۆرانی، ئەوەی «بۆ بێ لەو چاوە کاڵانە» کە حەمەی نێرگز گوتوویەتی، ئەو ساڵە لە دوای نسکۆکە لە قوتابخانەی تەتبیقات مهیرەجانی شیعر کرا، ئێمەش چووین گوێ لە شیعری کوردی بگرین، دڵشاد مەریوانی شیعرێکی خوێندەوە، ئامادەبووانی هۆڵەکە دەترسان، شیعرەکەم لەبەر نییە، بەڵام لەبیرمە دەیگوت «ماسییە وردەکانی کانیاوی شاخەکان، بەرەو دەریای لمیان دەبەن»، هەر بەم جۆرە شیعری دەگوت، ئاخر لەو کاتەدا ئەوە بڵێی زۆرە، ئێمەش لەو کاتەدا شتی لەو جۆرەمان پێشکەش دەکرد، ئەندامانی کۆمەڵ کە هاتنەوە و سەرلەنوێ دامەزرایەوە، کرێماڵێکی زۆر قەرزدار بوو.

**ڕامان:** ساڵی چەند دامەزرایەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** ساڵی ١٩٧٥ دەستی بە چالاکی کردەوە، دوای نسکۆ دەرگا کرایەوە و دامەزرایەوە.

**ڕامان:** کێ هەوڵی دا دووبارە بێتەوە مەیدان؟

**نامدار قەرەداغی:** هەموو ئەندامانی کۆمەڵ خۆیان، کە گەڕانەوە ئەوان زۆربەیان لەناو شۆڕش بوون، کە هاتنەوە دامانناپەوە، ئیتر ئێمەش هەموو چووینەوە کۆمەڵ و دەستمان لە شەباب هەڵگرت.

**ڕامان:** دوای ئەوەی نزیکەی ساڵێک لەوێ مانەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئێستاش ئەو چالاکیانە ماون، لە کۆمەڵ چالاکی باشمان دەکرد، کە دامەزرایەوە بینیمان کۆمەڵ قەرزدارە و هیچی نییە، ناتوانێ هیچ تەمسیلییەک پێشکەش بکات، چەند چالاکییەکی چاکمان کرد، دەچووین بۆ سەربازگەکانیش گۆرانیمان دەگوت، بۆ ئەوەی پارەمان بدەنێ، لە سەربازگەیەک یادێک هەبوو، بانگیان کردین، ئێمە گۆرانی «من پێشمەرگەی کوردستانم»ان گوت، ، خەریک بوو بەر شەقمان بدەن، یەکسەر سرووددەکەیان پێ بڕین، نازانم چۆن وێرامان ئەمە بکەین، دوای ئەوەی ئێمەیان وەستاند، بە زیل ئێمەیان ناردەوە، گوتمان نەوەک بگیرێین، کەس نەچێتەوە ماڵی خۆی.

**ڕامان:** ئەم چالاکییە بە ناوی (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)یەوە بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، حەوت هەشتێک

بووین، گوتمان کەس نەچێتەوە ماڵی خۆی، ئەم کارانەمان دەکرد، بەم شێوەیە دنیایەک پارەمان پەیدا کرد، بەڵام زۆر هیلاک بووین، هەر شتێک پارەی تێدا بووایە، دەمانکرد.

**ڕامان:** دەتانویست بەو شێوەیە قەرزەکانتان بدەنەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، بەشی تەمسیل چالاکی نەبوو، هیچ چالاکییەکی نەبوو، یان ئێجگار کەم بوو، من ئۆکۆردیۆنەکەم خراپ بووبوو، نەشازبوو، دەبوو ئۆکۆردیۆنێک بکڕم، ئەو هەمووە پارەیەم پێ پەیدا کرد، ئاخر بەو ئۆکۆردیۆنە پارەی باشم پەیدا کرد، دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵ سێزدە چواردە کەسی ترت لەگەڵدان، بەباشی لە ئیشی من تێ نەدەگەیشتن، هۆشداری یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەمم پێ دان، هیچ سوودی نەبوو، بۆیە هەموو ئەندامەکانم کۆ کردەوە، بە هەموو گۆرانیبێژ و تیپەکەوە، نزیکەی بیست و پێنج، سی کەس دەبووین، نامەیەکم نووسی و دەستم لەکار کێشایەوە.

**ڕامان:** ساڵی چەند دەستت لەکار کێشایەوە، دەبێ ساڵی ١٩٧٧ بووبێ؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، دەست لەکار کێشانەوەم نووسی و دامە دەستی عەلی جۆلا، کە بینی تێک چوو، گوتی تکات لێ دەکەم ئەوە مەکە، ئەو کاتە ئەو جێگری سەرۆکی کۆمەڵ بوو.

**ڕامان:** ئەی کێ سەرۆکی کۆمەڵ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** نووری وەشتی بوو، ئەویش بەهۆی نەخۆشییەوە کز بووبوو، گوتم مەحاڵە پاشگەزببمەوە، یەکەم جار و دووەم جار و سێیەم جاریش لە کۆبوونەوەدا پێم نەگوتن و بۆم ڕوون نەکردنەوە، هەر نەتانگوت چاکی دەکەین، چاکی دەکەین، نەمگوت لەوە زیاتر بەرگە ناگرین، ئێمە کۆمەڵ زۆر بە پیرۆز دەزانین، بەڵام نامێنینەوە، ئیتر ئەوەبوو ڕۆیشتین.

**ڕامان:** کردتانە ڕاست و هەمووتان پێکەوە ڕۆیشتن؟

**نامدار قەرەداغی:** هەموومان پێکەوە ڕۆیشتین، یەک کەس لە تیپی مۆسیقای کۆمەڵ نەمایەوە، ئاخر ناڵێم پەروەردەی من و هەر شتێک ئیشم تێدا کردبێ، ئێستاش کە ئیش دەکەم، لایەنی کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی ڕەچاو دەکەم، یەکێک نەبوو ئەو بڕیارەی بەدڵ نەبێ، ئێمە بەرەو نادیار دەڕۆیشتین، هەر هەموومان هاتینە دەرەوە.

**ڕامان:** باشە تا ئەو کاتەی دەستتان لەکار کێشایەوە، هیچ شوێنێکی دی لە مێشکی ئێوەدا هەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، پێشتر کۆبوونەوەمان کردبوو کە ئێمە تیپی خۆمان دادەنێین.

**ڕامان:** دەتانویست تیپێکی نوێی سەربەخۆ، بە ناوێکی تر بۆ خۆتان دابنێن؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، بۆ ئەو مەبەستە کۆبوونەوەمان کرد.